# پێشەکی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

خوێنەرانی بەرێزو ئازیزم

خۆم بە بەختەوەر دەزانم کەلەم چەند دێرەی کەنوسیومەتەوە هەول دەدەم کەخزمەت بەئاینی پیرۆزی ئیسلام بگەینم وە ئێوەی بەرێز یش ئاشنابکەم بە کۆلەکەکانی باوەر واتە(شجرە الایمان) کە (76) بە شن کە ئاماژەم پێ کردووە وە هەرکەسێك کەخۆیی بە موسلمانی راستە قینە بزانێ پێویستە پەیرەوی ئەم (76 خالانە بکات ئینجا ئەبێتە موسلمان و باوەر داریی راستە قینە چونکە زۆر یك لە موسلمانان واتێ گەیشتون کەتەنها بەجێ بەجێ هێنانی پێنج ئەرکەکانی بەئیسلام بوون هەمووشتێکی لەلایەن خواوە بۆ مەیسەر دەکرێ کەچی باوەر داریی تەواو ئەو کەسەیە کە ئەو (76) خالەیی لە(شجرە الایمان ) دا ها توە جێ بە جێ بکەن ئینجا دەبێتە ئیسلامی تەواو . هەرچەندە هەرخالێك لە (76) خالە باسێکیزۆر هەلدەگرێ کە بە نوسینی پەرتوکێکیش تەواو نابێ بەلام من هەولم داوە بەکورتی باسی خالە کانی بکەم . لەگەل داوایی لێ بوردنیش لە خوێنەرانی بەرێز دەکەم لەکاتی خوێنەوەی ئەو پەرتوو کە ئەگەر هەلێکیشم کردبێ ئەوە بۆمی راست کەنە وە یان لێم ببوبرن چونکە هەموو کەس خەلە دەکات تەنها خوای گەورەنەبێت وە بۆ هەر رەخنە یێکیش پەیوەندی بەو ئیمێلەی خوارەوە بکەن .

ئیتر سوپاس


# براتان هێمن هەرکی

hemnharky@yahoo.com


## کۆلەکەکانی باوەر (شجرە الایمان)

باوەر بوون بەخوای گەورە (الایمان باللە)

باوەر بوون بەفریشتانی خوای گەورە (الایمان بالملائکە)

باوەر بوون بەکتابەکانی خوای گەورە (الایمان بکتب السماویە)

باوەر بەپێغەمبەراەکان (الایمان بالانبیاء و المرسلین)

باوەر بەرۆژی دواى (الأیمان بیوم الأخیرە) (القیامە)

باوەربە هێزی خوای مەزن لە خێرو شەردا

(الایمان بقدراللە فی الخیر والشر)

باوەر بەپاداشتەکانی خوای مەزن لەبەهەشت ودوارۆژدا

باوەر بوون لە کارانەی کە لە هزری مرۆڤ دوورن

خۆشەویست وتورەبونت لەپیناوی خوای گەورە بێت

باوەربە هەبوونی ئاگری دۆزەخ و ئەنجامی کارەخراپەکانی مرۆڤ

تۆبەو پەشیمان بوونەوە لوگوناهەکان

رازی بونت بەقەزاوقەدەر

بەزەیی وخۆشەوویستی بۆخەلك

پاراستنی حەیا

وەفا بەرامبەری موسلمانان

ئارام گرتن لەسەر کێشەو روداوەکان

خوای گەورەت لەهەمووشتێك خۆشتربووییَ

خۆشەویستیت بۆ پێغەمبەر

باوەر بەهەمووشتەکانی خوای گەورە

سوپاس کردنی خوای گەورە هەردەم

پشت بەستن تەنها بەخوای گەورە

لەخواترسان

رێگای راست

پارانەوە تەنها لەبەر خوای گەورە

وازهێنان لەکاری خراپ

وازهێنان لەفرت و فێل

تەرك کردنی ئەو شتانەی کەنەفس داوای دەکات

وازهێنان لە دل ڕەقی بەرامبەر خەلك

وازهێنان لە تورەبون

تەرك کردنی خۆشەوویستی دونیا

تەرك کردنی گومانی خراپ بەرامبەرخەلك

داپۆشینی عەیبی خەلك

نوویژ کردن بەرێك وپێکی لەکاتەکانی دیاریی کراو

باوەر بەرۆ ژوو بوون (الصیام)

پاك و خاووێنی

باوەر بە فەرمانەکانی خواو جیَ بەجیَ کردنیان

باوەربەحەج وعەمرە

باوەر بەسونەتی (اعتکاف)

باوەر بەقسەکانی زانایان (الایمان باقوال العلماء)

ئەوخێرەی كەدەكەی لەپێناووی خوای گەورەبێت

باوەر بەكوشتنەوەی قوربانی

باوەر بەزەكات و بەچاكە

باوەر بەشەهادەی حەق (الایمان بشهادە الحق)

هەربریارێك دەدەی لەرێگای ئاینەوەبیَ

باوەر بەرەئیەكانی دین

سەربەست بە بیرو باوەرت

لەكاتی كرین و فرۆشتن راست گۆبی

زۆر پارانەوەوپەشیمان بونەوەبۆ خوای گەورە

هەرزانستێك فێربوبی بدەی بەخەلك

خوێندنەوەی قورئان

ووشەی(لاالەالااللە)زۆر لەسەر زوبانت بیَ

خۆپاراستن لەزۆر گوتن دا

پەروەروە كردنی منالەكانت بە شێوەیەكی ئاینی

(سیلەی رەحم)واتە حزم و كەس فەرامۆش مەكە

زیكركردن

گویَ رایەلت بۆ فەرمان رەوایی ئیسلام

چاكەكردن لەگەل دایك وباوكت

پاراستنی عەورەتت لەرابواردن دا

ماڤی كێشان

گویَ رایەلی بۆ گەورەی مال

پێشبركیَ لەسەرچاكەدا

وەفا داریی بەرامبەر بەو كەسەیی قەرزت لەگەل دەكات

چاكەكردن لەنێوان خەلك دا

ئەوفرمانەی كەدەدەی عەدل بن

باوەربە(الجهاد)لەپێناوی‌خوای گەورەدا

رێزلیَ نان لە دراوسێكانت

بەدواکەوتنی دەستە ی ئاینی

لەکرینوفرۆشتن دا گفتوگۆت خۆش بی

وەلام دانەوەی(سەلام)بەجوانی

پارێزگاری لەشتی ئەمانەت

مال بەخشینەکەت لەسنور دەرنەچیَ

خۆپاراست لەفشەکردندا

زیانت نەبیَ بۆخەلك

لەسنورت دەرنەچی بەرەوتاوان

فەرمانکردن بەچاکەو خۆپاراستن لە خراپە و تاوان

خۆش کردنی رێگا

----------------------

1-(باوەربوون بەخوای گەورەدا)

لەقورئانی پیرۆز دا ناوی الله (1745) جار هاتووە

باوەر بوون بەخوای گەورە یەکەم بن چینەی ئیسلامە کەباوەرت بەخوای گەورەهەبێت ئەوە هەموو ئەر کە کانی ئیمانیش جێیە جێی بکەی ئەگەر لە سەرووی هەمویان باوەری راستە قینەت بەخوای گەورە نەبیچت ئەوە هیچ سودێکی بۆ نیە جاباوەربوون بەخوای تاك و تەنیا کەبزانین چشتێك لە خۆوە دەگرێت پێش هەموو شتێك کابزانین خوای گەورە چ دەفەرمووێ (یاایهاالذین امنو امنو بالله)

واتە/ ئەی ئەو کە سانەی بوەر تان هێناوە باوەر بێنن بەخوا

جالێرەدا هندێك پرسیار دێتە ئاراوە ئایا بۆچی داوا لە موسلمانان دەکات خۆموسلمان هەندێك باوەر یان بەخوا هەیە وە بۆچی داوا لە غەیری موسلمانان ناکات؟لێرەدا خوای گەورە ئەوەی لەم زەمینە دروست کر دبێت باوەر بە خوا هەیە بەلام شرکی بۆ دورست دەکەن هەروەك ئەم خاوەن کتابانە کە مسیحی یەکان عیسا بە کوری خوا دا دەنێن نەحوزو بالله وە یەهودییە کانیش عوزێر بە کوری خوا دا دەنێن نەحوزو بالله

جا بۆ وەلامی پرسیارەکە ئەوە کە بۆ جی داوا لە موسلمانان دەکات

باوەر بوون بەخوای ئەورە ئەوەیە کە باوەری تەواووت بە سیفەتە پیرۆ زەکانی خوای گەورەبێت کە هیچ شرکی بۆ پەیدا نە کەیت لە هیچ سیفەتە کانی دا بۆ نمونە تەنها داوای رزق لەو بکەیت تەنها پشتو پەنات هەر ئەو بێت پەنا بۆ هیچ کەسێك نەبەیت جا هەموو سیفەتەکانە خوای گەورەهەموو یان لە ژیانی رۆژانەت دا کاری پێبکەیت .

2-باوەربوون بەفریشتەکان

لەقورئانی پیرۆز زیاتر لە (41) باسی فریشتە کراوە

(یا ایهالذین امنو امنو بالله والملائیکە)

جاباوەر بوون بە فریشتەکانی خوای گەورە ئەوەش روکنێکە لە روکنەکانی ئیمان جا لێرەدا لەخۆ مان دە پر سین ئایا کە لە قەرئانی پیرۆزوا بەپیرۆزی باسیان لێوە کراوە دەبێت ئێمەش تۆزێك برۆینە ناو ئەو جیهانە غەیبیە بۆ ئەوەی بزانین ئەمانە چین هەر چەندە زۆر بەدرێژی باسە ژیانیان نەکراوە بە لام ئەوەی باسی لێوە کراوە ئێمەش باسی دەکەین فرشتەکان کە لە

قورئان باس دەکات ئەوان لە پێش مرۆڤ وجن دروست کراوون

{وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلاَئِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الأَرْضِ خَلِيفَةً البقره30

واته/کاتێ خوای گەورە بە فریشتەکانی ووت من جێنیشێك لەزەووی درووست دەکەم

کە ئەوە نیشانەیە لە سەر ئەوەی کە لە پێش مرۆڤ درووست کراوون

جا ئەم فریشتانە وەك ئێمە لە قور درووست نەکراوون ئەوان لە نوور درووست کراوون فریشتە لە نور درووست کراوون . جا ئێمە دەبێت باوەر مان وابێت کە ئەو دوونیایا فریشتە کان دەیسورێنن بە ئیزنی خوار گەورە وە رۆژی دوایش هەر ئەوان دەوری بالایان هەیە جا دەبێت باوەر مان هەبێت کە ئەوان زۆر لە مرۆڤ بەتوا نا ترن کە لە شیش یان زۆر لە مرۆڤ گەورەترە کە باسی هەندێکیان یان دەکەین

کە خۆ شە وویست دەفەر مووێ(اذن لی ان احدث عن احد حمله العرش مابین شحمه اذنه وعاتقه مسیره سبع مائەعام)

واتە/ واتە/مۆلەت دراوم باسی یەکێك لەهەلگرانی عەرش بکەم کەنێوان چێلەکەی گوێی تاسەرشانی حەوت سەدسالەرێیە .

یاخوت خوای گەورە کە باسی 4 فریشتەی تر کر دوە بۆمان کە هەر یە کە یان کا رێکی گەورەی بە دەستەوەیە

1-جبرایل کە گەورەی فریشتە کانەو خاوەنی پەیامە بۆ هەموو پێغەمبەران

2-ملك الموت گیانی هەموو مەخلوقێك دەکێشێت

3- میکائیل کە رزقی هەموو گیان لە بەرێکی بە دەستەوەیە لە گەل باران بارین .

4-اسرافیل خاوەنی بایە ئەو کەو نە گەورەیە بە ئاسمانەوە بە فوی ئەو تێك دەچێت.

وە لە جەند جێگایە کی تری قورئان و حەدیسیش دا باسی هەندێك فریشتەی تریش کراوە . وەك مالك کە دۆزەخی لە ژێر دەست دایە لە 19 فریشتەی تر وە ئەو فریشتانەی کە عەرشی خوا هەلدە گرن کە ژمارەیان 8 ە خوا دە فەرمووی {وَالْمَلَكُ عَلَى أَرْجَائِهَا وَيَحْمِلُ عَرْشَ رَبِّكَ فَوْقَهُمْ يَوْمَئِذٍ ثَمَانِيَةٌ }الحاقە17

وە هەر مرۆڤێکیش کە بێتە ئەو دوونیایە دوو فریشتەی لە گەل دا یە

کە خوا دەفەرمووێ {مَا يَلْفِظُ مِن قَوْلٍ إِلَّا لَدَيْهِ رَقِيبٌ عَتِيدٌ }ق18

جا ئەوانە هەمووی بە لگەنە لە سەر ئەوەی کە دەبێت باوەری دواو مان بە فریشتەکانی حوا هەبێت کە هەموویان سوپا خوان کە ئەوانە نێرو مێ یان نیە وە خوار دنیشیان تەنها زکرکردنە .

---------------------------------

-3 باوەربوون بەکتابەکان

زیاتر لە (232) جا لە قورئانی پیرۆزباسی کتاب کراوەخوای گەرە ورە 5 کتابی تا ئێستا رەوانەی سەر زەمین کر دووە کە

1-بۆ ابراهیم {صُحُفِ إِبْرَاهِيمَ }الأعلى19

2-بۆ موسی {وَإِذْ آتَيْنَا مُوسَى الْكِتَابَ وَالْفُرْقَانَ لَعَلَّكُمْ تَهْتَدُونَ }البقرە53

کە ئێستا پێی دەلێت تەورات

3-بۆ داوود( وَآتَيْنَا دَاوُودَ زَبُوراً }النساء163

4-بۆ عیسی {وَقَفَّيْنَا عَلَى آثَارِهِم بِعَيسَى ابْنِ مَرْيَمَ مُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاةِ وَآتَيْنَاهُ الإِنجِيلَ فِيهِ هُدًى وَنُورٌ وَمُصَدِّقاً لِّمَا بَيْنَ

يدَيْهِ مِنَ التَّوْرَاهِ وَهُدًى وَمَوْعِظَهً لِّلْمُتَّقِينَ }المائده46

**4-قورئان بۆ محمد (ص)**

جالێرەدا دەبێت ئێمە ئیمانی تەواو مان هەبیت کە ئەو پەرتوکانە هەموویان لە لا یان خوا هاتوونە تە خوا رەوە بە لام ئێستا دەست کاریان کراوە ئیشیان پێناکرێت تەنها دەبێت باوەر بەقور ئان بێنین کە دەست کاری نەکراوە کە خوا بە خۆی دەفەر مووێ
({إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ }الحجر9

واتە/ بە خۆمان نازل کر دووە بە خۆ شمان دەیپارێزین

بەلام ئاینە کانی تر زانا یە کانی مسیحی و یە هودیەکان بە خۆ یان دەست کاری ئە کتا با نە یان کرد و بۆ دژایەتی ئیسلام کە خوا با سیان دەکات { إِنَّ كَثِيراً مِّنَ الأَحْبَارِ وَالرُّهْبَانِ لَيَأْكُلُونَ امْوَالَ النَّاسِ بِالْبَاطِلِ وَيَصُدُّونَ عَن سَبِيلِ اللّهِ وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلاَ يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللّهِ فَبَشِّرْهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ }التوبه34

**5-(باوەر بوون بەپێغەمبەران)**

زیاتر لە (215) جارلە قور ئان باسی پێغەمبە ران کراوە

هەموو پێغەمبەران لە یەك سەرچاوە هاتوون کە هەر یە کەو تەواو کراوی ئەووی تریانە کەیەکەم پێغەمبەر ئادەم وە دواین پێغەمبەریش محمد(ێ)

جا خوای گەورە (124000) پێغەمبەری روانە کر دوە کە (315)یان رسولە واتە بۆ قەووم وە ئەوانی تر یانیش نەبین واتە تەنها بۆ یەك گوند یان بۆ یەك مال یان بۆ یەك کەس جا لەم پێغەمبەرانە (25)یان ناویان لە قورئان هاتووە کە (5) یان ئەهلی کتابن وەك ابراهیم/موسی/عیسی/داود/محمدوە (5)یان لە مانەش لە هەموویان گەورەترن کە پێیان دەووترێت اولوعزم کە ئەمانەن (محمد/ابراهیم /عیسا/موسا/نوح) کەلە هەمووشیان گەورەتر محمد مستەفایە خاتم الانبیاء

جا لێرەدا ئێمە جۆن لە سەر مان فەرزە رێز لە پێغەمبەر مان بگرین ئاواش دەبێت رێز لە هەموو پێغەمبەران بگرین وە دەبێت باوەریش مان بە هەموو موعجیزەکانیش یان هەبێت وە کر دە وەی هەموو شیان وەك کر دەوەی خۆ شە وویستمان دەبێت کاری پێبکرێت .

**5 -(باوەربون بەرۆژی دوایی)**

زیاتر لە (70)جار باسی لێوە کراوە لەقورئان

دەبێ باوەری تەواومان بەرۆژی دوایی هەبیَ کە هەموو مرۆڤێك زیندو دەکرێتەوە کە هەرکەسەو پاداشتی بەگوێرەی کردەوەکانی خۆی وەردەگرێت وە جائەگەر هەرکەسێ باوەری تەواووی بەرۆژی دوایی نەبێ ئەوە هیج جیاوەزی نیە لەگەل بێ باوەرەکان جاباوەر بەرۆژی دوای بەس تەنها ئەوەنیە کەتەنها باوەر مان هەبێ کەدوونیا لەناودەچێ و زیندوو دەکرێ تەوە بەلکو دەبێ باوەری تەواو مان هەبێ لەسەر دەسەلاتی خوای گەورە کە لێپرسینەوەی هەمو کەسە دەکات کە هەر یەکەو جێگای بۆ دیار دەکات وە لەو رۆژە هەموو شتێك لەژێر دەسەلاتی دا مل کەجە جا دەبێت باوەر مان بە هەموو بە شە کانی رۆژی دوای هەبێت هەر لە گیان کێشانەوە بگرە تا ژیانی بەرزخ و تا رۆژی محشرو تا تەرازوو دانان تا بە شە کانی تر .

**6-باوەربەقودرەتی پەروەردگار لەشەروخێردا**

ئەمەیان سیفە تێکی زۆر گەورەو قولە ئەگەر مرۆڤ بە جوانی بیری لێبکاتەوە خوای گەورە هەر لە دروست بوونی مرۆڤ کاتێك دێتە دوونیاوە بەشێکی کەم لە قودرەتی خوا بۆ مانی دەرکەو تووە بۆ نموونە کاتێ مرۆڤ لە دایك دەبێت پرس بەو مرۆڤە ناکرێت کە لە چ دایك و باوکێك دروست دەبێت وە پێی نا گوترێت کە مال خالانەکانی کێێ یان مال مامەکانی جا ئەوە قودرەتی خوایە باش یان خراب وە دوای پرس بە وە ناکرێت لاشەی دروستە یان خوت کەم ئەندام جوانە یان نا شرینە رو خۆشە یان روو خۆش نیە تەب ئەکەی واتە پێکە نین و گریانیش بەدەست خوایە

{وَأَنَّهُ هُوَ اضْحَكَ وَابْكَى }النجم43

وە مر دنو ژیانیش بە دەست ئێمە نیە

{وَأَنَّهُ هُوَ امَاتَ وَاحْيا }النجم44

وه دەو لە مەندیو فەقیریش وه برسی بوون و تینوبون وه نوستنو هەستانەوەبە دەست ئێمە مە نیە جا بگرە لە کەم ترین شت تا گەورەترین شت تەنها ڕێگە هەڵ بژار دن بە دەستی ئێمە یە کە ڕێگای راست یان خوت ڕێگای خراپ هەل بژێرین جا دەبێت دائیم ئێمە لە رەحمەتی خوا بیَ ئەمەل نەبین جونکە ئەو خوا یەی مو سیبە تمان بۆ دەنێریَ هەر بیَ ئومێد شتی جاکی لایە بۆ مانی بنێری .

------------------------

## 7 - باوەر بە پاداشتی بەهەشت

زیاتر لە (55) جار باسی بەهەشت کراوە

{وَأزْلِفَتِ الْجَنَّةُ لِلْمُتَّقِينَ }الشعراء90

ئەم بە هەشتە تەنها بۆ ئیمان داران دروست کراوە لە مرۆڤ و جن تا دە بێت باوەری تەواو مان بە هەموو موعجیزەکانی بە هەشت هەبێت چونکە هەر ئەو بە هەشتە یە مرۆڤ لە دوونیا سەبر دەگرێت جا لێرەدا ئەو بە هەشتەی کە باسی لێوە کراوە لە قورئان و فەر موو دە دا هەر ئەوە نیە کە با غێك بێت

و روو باری بە نێو دابروات بە لکو ئەو بە هەشتە 100 دەرەجەیە کە هەر یە کەو بە گوێرەی کر دەوەکانی خۆی بۆی دیار دەکرێت کە لە سە رووی هە مووشیانەوە فردەوسل ئەعلایە جا لێرەدا زۆر کەس دەلێن لە بە هەشت ئەو شتانەی کە لە دوونیا هەیە لەو جێگایە نیە ئەوەش پێچەوانەی ئەو فەرموودەیە کەخۆشەوویست دەفەر مووێ هەر زانستەك بێتە دوونیاوە لەو باشتر لە بە هەشت دەست دە کەووێت جا باس کر دنی بە هەشت وا بە ئاسانی نا بێت بە لکو هەر ئەوەندە لە سەر مانە باوەر مان بە هەموو موعجیزەکانی بە هەشت هەبێت ئەوەی باسکراوە و ئەوەی باس نەکراوە .

## 8- باوەربەرووداوانی کەلەعەقلی مرۆڤ دوورن

بنا غەی مرۆڤ وە بنا غەی ئاینی ئیسلام هەمووی لە سەر ئەو شتانە پێك هاتوە کە لە عەقل دوورن با بیین یە کەم جار باسی بنا غەی مرۆڤ بکەین

{وَفِي انفُسِكُمْ افَلا تُبْصِرُونَ }الذاريات21

واتە/لەنفسی خۆتان باش سەیر تان کر دووە

مرۆڤ هەر لە دروست بوونی دالە عەقل دوورە کە لە پیسترین ئاو دروست کراوە لە دوای دا خوای گەو رە ئەو لاشەی پێداوە هەر هەمموو ی لە گەل سەردەمی ئێستای تەکنە لۆچی بەراوورت بکەین لە ئە قل دوور دەبێت بۆ نمونە کاتی هەندێك جا ئێمە دەبیسین کە کامیرایەك دروست کراوە توانای هەیە لە یەك کات ژمێردا 1000 رسم بگرێت ئەی باشا بۆچی سەیری چاوە کانمان ناکەین کە لە یەك کات ژمێردا توانای هەیە 2 ملیۆن ووێنە بۆ مێشك بگوازێتەوە ئەوویش بیکات بە شێوەی فیلم کە ئێمە بیبینین هەستی پێنەکەین؟ یاخوود لە چەندین ریکلام گوێمان لێبوە کە گوایە هاردی(1000) گێگا دروست کراوە ئەی باشا بۆ چی سەیری ئەو مێشکەمان نا کەین کە رۆژانە 2ملیۆن خەلایە دەروات 2 ملیۆنی تر دێت ئەگەر بێت و 1 خەلایە وەر گرین لە رۆژێك دا هەر جیت کر دبێت پر نا بێت بە لام ئەو 1000 گێگەی وان وەر گرین بە رۆژێك دا تۆ دەتوانی پرکەیت جا بگرە هەر شتێك کە دیتە ئەو دونیایە کە پێمان سەیرە ئەگەر سەیری لاشەمان بکەین زۆر لەو گەورەترە جا بگرە لە هەموو شتێك ئەگەر باس بکەین بە سال تەواو نابێت بۆ یە خوا دە فەر مووێ ئەگەر بێتوو نیعمەتەکانی من بژمێرن پێتان نا ژمێردرێن { وَإِن تَعُدُّوا نِعْمَتَ اللَّهِ لاَ تُحْصُوهَا }إبراهيم34

جا ئەو جا رە با بیینە سەر ئەو شتانەی کە بناغەی ئیسلامی لە سەر پێك هاتووە لە ئاینی ئیسلام باسی هەر شێتّکی کر دبێت لە عاقلی مرۆڤ دوورە بە لام بەشێکی کەمی لەو شتانە خوای گەورە هێنایەتە سەر زەوی بۆ ئەوەی مرۆڤ بروای پیَ بکات کاتیَ باسی( ملك الموت )دەکەین دەلێن چۆن لە یەك سات دا دەتوانی گیانی هەزارا کەس بکێشێت ئەی باشە چۆن ناکرێت کەسێك لە تەلە فزیۆن قسە دەکات راستەو خۆ ملیۆنا کەس دەی بینێت مرۆڤێك بتوانێت ئەو شتە دروست کات خوای گەورە ناتوانیَ یان خوت دەلێن چۆن 2 فریشتە یان 1 فریشتە دەتوانن شارێك لە ناو بەرن ئەی چۆن ئەو مرۆڤە چەکێك دروست دەکات لە یەك کاتژمێردا هەزاران کەس دە کوژێت جا بگرە هەموو شتەنادیار کان ئەگەر بەچاوویکی باش سەیری بکەین تۆزێکی ها تووتە دونیاوە جا ئێمە دەبێت باوەری تە وا وویشمان بەو شتانە بێت کە زۆر لە مێشك مان دوورە کە لە قور ئانی پیرۆز هەرشتێکی تیا بێت دەبێت ئێمە وەری بگرین جا چ هێزی فریشتە کان بێت یان هێزی خوای گەورە یان هێزی پێغەمبەران چ ئەو شتانەی لە ئێمە شاردراوەن جا ئەو باسە ئەگەر بە ووردی سەیری بکەین هەموو زانستی دونیا لە خۆی دەگرێت کە بە چاووی خۆمان

دەبینین ئێستا جا کە ئێستا باوەر پێدەکەین دەبێت باوەر بە شتە نادیار کانیش بکەین ئەگەر بلێن تەنها باوەر بە و شتانە دەکەین کە دەبین درێت ئەی چۆن باوەر بە دەنگی خۆت دەکەیت کە بە چاو نا بینرێ کەگرینکترین بەشە لە ژیانی رۆژانەت دا؟

---

## 9- خۆشەوویست و تورەبون لەپێناوی خوادابێ

مٌحَمَّدٌ رَّسُولُ اللَّهِ وَالَّذِينَ مَعَهُ اشِدَّاء عَلَى الْكُفَّارِ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ الفتح29

واتە/محمد نێردراوی خوایە ئەوانەی لە گەلیدان بەرامبەر کفر توندن و بەرامبەری یەکتری بەزەین

ئەو ددوسیفەتانە زۆر سیفەتێکی گرینگە لە سەر ژیانی رۆژنەنەماندا کە دەبێت برادەرو خزم و کەسانمان هەمووی بەو شتە لیچك بکەینەوە چونکە ئێستا لە ناو کۆمەل گا کەمان هەیە کە دەلێن فلانە کەس زۆر باشە ئەوە کراوە یە لە گەل هەمووو کەس دەگونجێت ئەوە کراوە نیە ئەوە منا فقە چونکە تەنها منا فق دەگونجێ لە گەل هەموو کەس دا مرۆڤی موسلمان تەنها موسلمانان بە برای خۆ دا دەنێت قەت سەیر نا کات بلێ ئەوە خزمە ئەوەیان برادەرە یان نا سیارە یان هەر شتێکی تر جا لێرە دا دەبینی تۆ لە جێگای خۆتەوە رقو کینەت بەرامبەری کەسێك هەیە لە رای خوا دا زۆر کەس پێت دەلێت ئەوە مو شکیلەی تۆنیە؟ بەلێ موشکیلەی منە چونکە تەنها رقو کینە دەبێت لە رای خوا دا بێت یان خووت بە دەست خۆت نیە کە سێکت خۆ شتەووێت چاکە یێکی گەورەی لە گەل دەکەی لە رای خوا دا جا نا بێت ئەو قسانە کارت لێبکات کە پێت دەلێن تۆ چ کا رێکت پێیا خۆ برای باو کت نیە . جا دەبێت لە هەموو شتێك تەنها رقو کینە مان لە رای خوا بێت نەك لە رای خۆمان

جارێك یەك لە شەرەکانی کوفر حزرەتی علی لە گەل کافرێك دەچەنگا کاتێك حزرەت ئەوی لە ئەرزدا تفێکی لە ناو چەوانی حزرەت کردحزرەت ئەوی هەل ساندەوە بۆ جاری دووەم ئەوی کوشت ئینجا هەوالانی خۆشەوویست پێیان ووت بۆچی نەت کوشت گوتی کاتێ تفی بەمن داکرت زۆر تورەبووم من تر سام کە بیکوژم لەرای خۆم بێ نەك لەرای خوا بەلام بۆ جاری دووەم لەرای خوادادا کوشتم جا برایان ئەوانە هەمووی دەرسن بۆ ئێمە کەتەنها لەرای خوا دا تورەبوون و خۆشەوویستمان دەر ببرین.

---

## 10-باوەر بەدۆزەخ وئازاری خوای گەورە

زیاتر لە (350)جار باسکراوە لە قورئاندا

{وَ انَّ عَذابى هُوَ الْعَذابُ الالِيمَ }الحجر50

ئاگری دۆزەخ لە لایەن هەموو ئەوانەی بەناو ئەهللی کتابن باوەر یان پێکراوە وە ئەو ئازارەش شتێکی وا ئاسان نیە کە بە نا سانی وەری بگرین جونکە خۆشەوویستمان لە گەل هەموو پێغەمبەران لە تر سی ئەو گریاوون جا لێرەدا لە سەر مان فەرزدەبێت باوەری تەواو مان بە شتە نادیارەکی دۆزەخ هەبێت بۆنمونە کاتێ گوێمان لە قورئان و فەرموودە دەبێت باسی زەبان یەکانی دۆزەخ مان بۆ دەکات کە ژمارەیان 19 نۆزدەن یان خوت کە دەلێن 7 تەبە قەیە بۆ هەر تەبە قە یەك جۆرە ئازارێکی دیاری کراووی لێیە.

{لَها سَبْعَةُ ابْوَابٍ لِّكُلِّ بَابٍ مِّنْهُمْ جُزْءٌ مَّقْسُومٌ الحجر44

یان خۆت قولیەکەی 70 سال رێگەیە جا دەبێت بروامان بە هەموو شتەکانی دۆزەخ هەبێت. یان خوت دەبێت باوەری تەواو مان بە هەموو ئازارەکانی خوا هەبێت شەرت نیە تەنها دۆزەخ بگرە ئازاری سەر زەمین کە لە قور ئان باس دەکات کە بۆ چەندین قەومی پێش ئێمەی رەوانە کردووە کە هەر یە کەو بە شێوازێك بۆ نمونە بۆ قەومی هودو ێالح و موسا نوح و شعیب و بۆ چەندین پێغەمبەرانی تر وە دەبێت باوەر مان بەوەش هەبێت کە ئەو خوایە هەر بەر نامە خۆی ماوە کە رۆژێك رۆژان ئێمەش ئینکاری خوا بکەین لە وانە خراپ تر بە سە ر مان بێنێت کە بلێین ئەو زەمانە زەمانی موعجیزەنیە. جا دەبێت باوەری تەواو میشمان بە ژیانی فەرزخ هەبێت بگرە هەموو ئەو ئازارانەی کە باسی لێوە کراوون لە فەرموودەو قورئاندا.

---

## 11 -تۆبەیەکی (تەواو)و پەشیمانی

زیاتر لە (10)جار باسی لێوە کراوە لە قورئان

هیچ مرۆڤێك و هیچ جنێك نیە تاوانی نەكر دبێت تەنها فریشتەكان نەبێت كە وەك ئێمە نەفسیان نیە جا لێرەدا ئەو كە سە دەباتەوە كە بە زوو ترین كات تۆ بەی كرد بێت چونكە كە داوای تۆبەت لە خوای گەورە كرد ئەوا بەدەست خۆت نیە دەست بۆ هیچ كا رێك نا بەیت تا بیری لێنەكەیتەوە بۆ ئەوەی بزانی حەرامە یان حەلالە جا خۆشەووسیتمان ئەمر مان پێدەكات كە رۆژانە وەك ئەو 100جار داوای تۆ بە لە خوا بكەین بۆ ئەوەی دایم ووشەی تۆ بەمان لە سەر زاربێت جا دەبینی كەسێك وا گومان دەبات لە رێی خوا لای داوە ئەوە ئەگەر وویستی تۆبە بكات دەبێت ئەو 3 خالەی لە خۆ بگرێت

1-دەبێت زۆر لەو تاوانەی كە كر دووی تی پەشیمان ببێتەوە

2-بەلێن بەخوا بدات جارێكی تر نە چێتەو سەری

3-دەبێت ئەو تاوانە لە لای كەس باس نەكات نەوەك لە زۆر شوێندا خۆی پێ هەل بدات

بەلام ئەگەر بێتوو ئەو تاوانەی كە كردوو یە تی حەقی خەلكی لەناو دابوو ئەوە دەبێت گەر دەنی خۆی بەو كەسە ئازا بكات ئینجا خوای گەورە لێی خۆش دەبێت .

----------------------------------------

## 12 -باوەر بوونت بەقەزارو قەدەر

قەزاو قەدەر جیهانێكی زۆر گەورەیە لە ئیسلام وە ئەگەر بێتو زیاتر لە 1000 لاپەرەی لە سەر بنوسین هێشتان حەقی خۆی نا درێتیَ چونكە پەیوەستە بە ژیانی رۆژانەو بە زانستی ئێستا بەلام پشت بەخوا هەندێكی لێوە باس دەكەین قەزاو قەدەر كە ئێمەی ئیسلام پێیدەلێن بەلام خیری ئیسلام پێی دەلێن هەلكەوت یان خود زانست خۆ راستە قەزار و قەدەر پەیوەندی بە زانست هەیە بەلام پێش ئەوەی شتەكە رووبدات خوای گەورە ئاگادارە بەو شتە جالێرەدا هەندێك نمونە باس دەكەین كە مربوت بێت بە شتی زانستی یەكەم جار با بێینە سەر زانستی فەلەكی كە زانستێكە رەخنە لە قەزاو قەدەر دەگرێت بۆ ئەوەی جوا بێكی بدەینەوە زانستی فەلەك دەلێت مرۆڤ بە دەستی خۆیە كە منا لە كەی ج چاپێك دەر بچێت چونكە ئەوان دەلێن مرۆڤ لە چ مانگێگ لە دایك ببێت ئەوا ئەو چاپە وەر دەگرێت یان خوَ د چ نا وێكی لێبنرێت ئەوا بە گوێرەی ئەو ناوە سیفەتی دەگۆرێت چونكە مرۆڤ پێك هاتوە لە چەند چاپێك بۆ نمونە چاپی ئاگر كە لە هەموویان بەتوا نا ترە چاپی رۆژ كە لە گەل خەللك كراوەن چاپی قور لە سەر خۆن چاپی هەوایی خوێرین چاپی ئاووی زوو قسە كانیان دەگۆرن . جا لێرەدا ئەگەر بێتوو قسە كانیان راست بێت ئەوا بە رێگای قەزار قەدەر ئێمە بۆ یان رۆن دە كەینەوە یەكەم جار بێینە سەر ئەو قسەی كە بەدەست خۆتە چ كات منالت ببێت باشە؟ ئەی بیر لەو قسە نا كەینەوە كە پیاو ئەگەر زەوقی جنسی نەبێت نا چێتە لای خێزانەكەی ئەی ئەو زەو قە جنسیەش بەدەست خوا نیە؟ ئەی گەیاندنی ئاووی پیاو بۆ هێلكە دانی ئافرەت بەدەست خوا دانیە؟ جا لێرەدا ئەگەر واشبێت قسە كەیان ئەوەخوای گەورە بەخۆی هیچ شتێك بە بیَ زانست نا كات؟ چونكە ئەوانە تەنها ئەو زانستە كە ئاشكرا دەكەن كە خوا بە خۆی داناوە نەوەك شتێك كە خوا پیَ ئاگا نەبێن نەعزوبالله یان خووت دەر بارەی ناوەكە ئەی باشە ئەوانە وا دا نانێن تەنها خوا بالا دەستە چ ناووێكت بێنێتە سەر مێشك هەروەك خۆشەوویست دەفەرموو یَ خوای گەورە دلی مرۆڤ لەسەر 2 پەنچە دەسورێنێت هەر چۆنێكی بووێت. جا با ئەو جارەش بچینە لای ئەو كە سانەی كە باوەر یان بە قسمەتی ژن و مێردایەتی نیە ؟ كە دەلیچن من فلانە كچم هەلكەوت لە لانە جێم دا بینیوەو داخوازیم كرد؟ئەی باشە فوكر لەوە ناكەیتەوە كە تەنها خوا تۆو ئەو كچەی وا درووست كر دوە دلتان بۆ یەك بروات؟

جا با ئەو جارا یان برۆینە لای ئەوانەی لافی زانست لێدەدەن كە دەلێن لەژێر خاك مادەیەك هەیە وەك هەنگوینە لە هەندێك وولات زۆرە لە هەندێك وولات كەمە ئەوەی مادەی زۆر تێدایە ئەوە دەبێتە زلزال؟ باشە ئەی بیر ناكەنەوە ئەو ماددەیە كیَ لەووێی داناوە ئەی بیر ناكەنەوە بۆ چی خوای گەورە لە مەكەی دانە ناوە جا بگرە لە هەموو رۆۆیە كەوە خوای گەورە هیچ شت بێ زانست ناكات بەلام پێش روودانی شتەكە ئەوا لای ئەو ئاشكرایە چونكە هیچ شتێك لە دوونیا رونادات لای ئەو شتێكی تازەبێت. جا لێرەدا كە بۆمان دەر كەووت كە هەموو شتێت بە قەزاو قەدەر دەكرێت ئەوا دەبێت رازیبن بەو بەشەی كە خوا بۆ مانی دادەنێت جا لە خۆشی بێت ئەوا زۆر شوكرانە بكەین ئەگەر نا خۆ شیش بێت دەبێت بزانین كە هیچ نا خۆ شی یەك بۆ مان نا هێت تاخوا قرار نەدات چونكە خوا دەفەرمووێ مَا رِيَّابَ مِن مُّيبِبَهٍ إِلَّا بِإِزْنِ اللَّهواته/هیچ بەلایەك نابێت تەنها خوا ئەمر پێنەكات جا دەبێت لە سەر هەموو شتەكانی قەزاو قەدەر سەبر بگرین. جا ئەوەیان بەشێكی زۆر كورت بو لە قەزاو قەدەر انشاالله ئەگەر خوا یارمەتیم بدات بەدرێژی لە سەر دەرۆم كتا بێكی تایبەتی دەووێت

----------------------------------------

## 13- -بەزەی و خۆشەوویستیت بۆخەلك

ئەمەیان گرینگ ترین خالە كە خەللك بەدەستی یەوە قازانج دەكات كە بە زەیت هەبێت بۆ برای موو سلمانان هە خوا دە فەرمووێ رُحَمَاء بَيْنَهُمْ وە خۆ شەوویستیش دەفەر مویَ (انماالمؤمنون اخوة)

جا لێرەدا ئەگە ر هەموو کەسێك بەزەیی بە موسلمانانی دەورووبەری خۆی کردوو وە موسلمانی بە برای خۆی دانا ئەوە کۆمەڵ گا چۆن تێك دەچێت نەك ئەوەی ئێستا بە چاووی خۆمان دە بینین کە ئەمریکییەکی کافر یان هەر خەیری دینێکی کافر خوێنی موسلمانان بە نا حەق دەرێژێ لە چێگای خۆیان دەست خۆ شی لێدەکەن دەلێن ئەوانە عەرەبن یان تورکن یان فارسن یان هەر قەومێکی تر قەت نا لێن ئەوانە موسلمانن سبحان الله خوایا لە فتنە بمان پارێزی .یان خود ئەگەر ئەو زەنگینانەی وووڵاتی ئیسلام هەموویان زەکاتی مالی خۆیان بدەن ئەوە خۆشەوویستی لەبەینیان دا بەلاو دەبێتەوە ئەو چۆرە رەفتارا نا شرینا نەش نا بیسین کە بەرامبەری زەنگینەکانمان دەکرێت جا بگرە لە کەم ترین شت تا گەورەترین شت دەبێت باوەر مان بە زەی هەبێت بە رامبەر موسلمانان.

----------------------------------------

## 14-پاراستنی حەیا

گۆران کاری بە سەر مرۆڤ دا بێت یان خوا لە ناووی بەرێت یان بیَ نرخ ترین کەس ببێت یان دەستی لە هیچ نە گێر درێتەوە ئەوا هەمووی سەبەبی حەیایە ؟ بەلام داخی گرانم ئێستا حەیا دا پۆ شین بوویتە شتێکی زۆر عەیب ئێستا حەیا بردن بوویتە شێوەی پێشکەوتن بویتە شێوەی مافی مرۆڤ بوویتە گەیاندنی خەڵلك پێکەوە بۆ یە خۆشەوویست موژدەی پێداین کە رۆژێك دێت مرۆڤ ی خنس بەچە دەبێتە هەموو شت جا نا زانم لە کووێوە دەست پێبکەم لە رووی ئابرووە جا وا باشە لەو سەر دەمەی ئێستاوە دەست پێبکەم کە ئابرو چیا بەخۆی ئابرو بکە 10 بەش 9 بەشی وەبەر ئافرەت کەوتوە جا ئەگەر ئافرەتانمان بیَ ئابرووبن ئێمەش بیَ ئابروبن بەلام ئەگەر ئێمە بیَ ئابروبین ئافرەتان مان چ زیانیان پێنا گات ئەوەش بە شێکە لە رێزلێنانی ئافرەت بەلام ئێستا بە خۆمان دەبینین ئەوانەی بەناو خۆیان لە رێزی پێشکەو توە خوازان دادەنێن بەدەستی خۆیان ئابروی خۆو ژنان یان دەبەن وەك ئاژەل رووتی دەکەنو دەی رازێنەوە نازانن ئەوانە لە ئاژەل پیسترن جا ئەگەر لێیان بپرسن دەلێن ئەوە پێشکەوتووە نازانن ئەوە پێش ئاینی ئیسلام لە سەر دەمی فارسەکانە رۆمەکان ئەو رووتا تیەی ئێستا هەبوە وەکو ئاژەل ئێستا لاڤی سەرکەوتن لەسەر ئیسلام لێدەدەن؟ جا ئابرو بردن بزانین چ زەرەرێکی بۆ کۆمەل گاهەیە ئەوە بە چاووی خۆمان دەبینین کە کۆمەل گایەکی وەك کوردەواریمان هەر لە کۆنەوە تا بەو دوایە چونکە دەستیان بە ئابرو گرتبوو ئەوە هیچ م شکیلە یەکی گەورە وەك ئەوەی ئێستا دەبینین لە ناو یان دا روونەدابوو کاتیَچ سەیری دەستوری کوردەواری دەکەین هەمووی دا پۆشراو وەك ئیسلام بەلام ئێستاکا کە هەندێك لەوانەی کە لە دەرەوە هاتونەتەوە کە کەلتوری کوردیان کۆریوە بۆ کەلتورە بیانی کە حکومەتی ئێمەش پشتیان دەگرێت بۆ یا حال مان باشە ئەوە برە برە ئابرو نا مێنێت و کەلتورەکەش مان کە کەلتورێکی شەریفانەیە لەناو دەچێت ئەگەر لێشیان بپر سی دەلێن ئەوە پێشکەو تنەو مافی ئافرەتە؟ توخوە کەس هەیە لە ئیسلام زیاتر ماڤی بە ئافرەت دابێت کاتیَ مێرد دەکات چەندین ریش سپی دەرۆن بە داخواری کاتیَ مێردیش دەکات ئەگەر هەر کە سێك قسە یَکی پێبلێت ئەوە خۆی بۆ دە دەنە کوشتن؟ یان خود کەس بۆی نیە وەك پەرۆ لە دامێنی خۆیان بسون بلێن ئەوە ماڤە ئەوە ئەو گورگانەن کە نایان هەووێت ئەو ئافراتا بەستەزمانانە بۆ خۆیان مالێك دروست کەن ئەوە هەمووی ئابرو بردنە جا لێرەدا ماڤی هەموو کەسێکی بەشەرەڤە ئاگای لە پاراستنی حەیای خۆبێت ئەوانەی ئەو قسانەش دەلێن ئەوە قسە کر دنیانیش لە گەل یان دروست نیە؟

ئەوەندە بەسە کە لە سەر دەرگای بەهەشت نوسراوە نابێت دەیوس بچێتە بەهەشت پشت بەخوا ئەوانە دەیوسن وە لە دەیوسیش خراپ ترن.

## 15 - وەفا بەرامبەری موسلمانان

وەفا سیفەتێکی گەورەی مرۆڤە کە لە هەموو شوێنێك بە کەلکی مرۆڤ دێت کە لە کەردەواری دەلێن نمەکی ئەو کەسەم کردوە لە چاکەی دەرناچم. جا لە روانگەی ئیسلامە وە زۆر شت دەگرێتەوە کەسێك ووشەیەکی فێر کردی یان هەر چاکە یەکی لە گەل کردی یان رێگە یە کی راستی پێنیشان دای نا بێت لە بیرت بچێت دایم تۆش هەول بدە لەوە زیاتر بۆی بکەیت وە دەبێت وەفاشمان هەبێت بەرامبەر ئەو شەهیدانەی ئیسلام ئەو هەوالە خۆشەوویستانەی خۆشەوویست کە ئەو دینەیان چۆن گەیان دووتە ئەو رادەو کە بە گیان و بە مال بۆی تێکۆشاوون نابێت لەبیر مان بچێت چابکرە لە بچوك ترین شت تا گەورەترین شت چاکەی موسلمانانت وەبیربێت.

وە ئەوە سیفەتێکی خوای گەورە شە کە ئەوەی چاکەی هەبێت بۆخوا ئەوە خوای گورە قەد لە بیری ناکات کە بە چاووی خۆمان دەبینین خوای گەورە چەند باسی ئەو کەسانە دەکات کە بەرامبەر خوا چاکەیان کردوە کە خۆیان بە کوشت داوە یان هەرچاکە یەکی تر بێت کە چەند چار باسیان لێوە کراوە لە قورئان دا یا خوود خۆشەوویست چەند باسی هاوەلانی دەکرد کە لەسەر ئەو ئاینە چاکەیان هەبووە نەوەك ئەوانەی کەبە ناو سەرکردەن کە خەڵلك خۆیان بۆ بە کوشتن دەدەن هیچ باسیان ناکەن لە کۆرو کۆبوونەوەکانیان دا جا لەسەر مان پێویستە کە هەر موسلمانێك چاکە یەکی لە گەل کردین لە بەر چاو مان بێت .

----------------------------------------

## 16 - سەبر لەسەر هەموشتێك دا

زیاتر لە (21)جار لەقورئان باسکراوە

وَاللّهُ يُحِبُّ الصابرينَ }آل عمران146

سیفەتێکی گەورەی هەمووپێغەمبەرانە کە هەموویان سەبریان گرتوە بۆسەرکەوتنی ئاینیخوای گەورە جادەبێت ئێمەش لە ژیانیخۆمان سەبربگرین جاسەبرگرتن بەدوو شێوە دەکرێت یەکەم یان لەناوخۆشیدا کە زێدەڕەوویئەکەین لەو خۆشیەیکەخوایگەورە بەمەی داوە ئەوماڵەیکەبەمەداوە لەشتی تاوانسەرفی نەکەین وەخوالەبیرنەکەین سەبر بگرین وەسیفەتی دووەمیش ئەوەیە کە لەهەموو ناخۆشیەکانی ژیان سەبر بگرین چونکە هەموو پیاوە چاکە کانی پێشمە لەگەڵ پێغەمبەران سەبریان گرتووە بەتا یبەت ئەو سەردەمەی کەئێستا ئێمە لەناووی داین دەبێت سەبربگرین لە هەموو ڕوێکەوە جا چ لەڕووی ئەو فنەی کە توو شی موسلمانان بوە ئەو ئەو دەکوژێت بەبێ تاوان یاخوت پەنا بردنی بەر پیاوانی دوژمنی خوا بی جێ بەجێ کردنی کارەکانی ژیان یان بۆ هەر شتێك جا دەبێت هەردەم مرۆڤ سەبری هەبێت لەسەر ئەو شتانەی کەخوای گەورەبۆی ناردووە.جا کە مرۆڤ ئەوسیفەتەی لەناو دابێت ئەوە هیچ هەڵەیێکی گەورەی تێناکەووێت چونکە هیچ قسەیەك هیچ ڕایەك هیچ کارێك ناکات بەپەلە لەهەموو شتێك سەبری لەسەر دەگرێت .

---

## 17 - خوای گەورەت لەهەمووشتێکت خۆشتربووێ

کەم تەرخەمی ئەو سیفەتە بۆلای کفرت دەبات چا ئەوە بەشێوەیەکی زۆر ئێستا لەناو مان دا بلاوو بویتەوە کە ئێستا هەندێك سەگ هەنە لە زۆر شوێندا قسە بەخوای گەورە دەلێن زۆر کەس هەیە ئەلێت ئەوە مشکیلەی من نیە ؟ ئەی باشە بۆچی ئەگەر جوێن بە یەك لە خزم و کەسەکانت بدات تۆ لێی قبول ناکەیت. بەڕاستی ئەوە سیفەتێکی زۆر نا شرینە مرۆڤ دەبێت پێغەمبەری لە دایکو باوکی خۆشتر بووێت . ئەی باشە تۆ لەسەرخواکەت قسەنەکەیت لەسەر کێ قسە دەکەیت جا خۆشەوویستی خوای گەورە زۆر شت لەخۆی دەگرێت زۆر شت هەیە خوا ئەمرت پێدەکات باوکت یان دایکت پێیان خۆش نیە نا بێت بەگوێیان بکەیت چونکە هەردەم دەبێت قسەی خوا لە سەر هەموویان بێت وە زۆر جار هەیە تۆ لە جێگایەك کار دەکەیت کارێکت پێ ڕادەسپێرن لەگەڵ قسەی خوا جیایا نا بێت بیکەیت جا ئەو خۆشەوویستە دەبێت وا مان لێبکات کە هەردەم ئێمە خۆمان وا حساب بکەین لەگەڵ خوا داین تەنها کردەواکانمان هەر بە ئیزنی ئەو بێت.

---

## 18-خۆشەوویستی بۆ پێغەمبەر

{قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ }آل عمران32

زیاتر لە (215)جار باسی لێوە کراوە لەقورئان

لەسەرمان واجبە کە گوێرایەڵی پێغەمبەرەکەمان ببین کەچۆن گوێرایەڵی خوای گەورەدەبین دەبێت پێغەمبەرمان لەهەمووکەس خۆشتر بووێت لە دایك و باو کو خزم و وولات لە هەموو شتێك دا جا نابێت بەهیچ شێوە یێکیش قەبوول بکەین کەسێکی نەفس نزم قسە بە خۆشەوویست بلێت لەسەرت واجبە وەلامی بدەیتەوە بەهەر شێوەك کە تۆ لەدەستت بێت وە دەبێت ئەوەندە خۆشەوویستمان خۆشبووێت زوو زوو یەلاواتی لەسەر لێبدەین هەرکە خوا ئەمر مان پێدەکات دەفەرموێت

{إِنَّ اللَّهَ وَمَلَائِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى النَّبِيِّ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا صَلُّوا عَلَيْهِ وَسَلِّمُوا تَسْلِيماً }الاحزاب56

جا دەبێت باوەری تەواوویشمان بە فەرموودەکانی هەبێت کە شتێکی لێ حرام کردووین یان بە باشی دانە ناوە نا بێت ئێمە بلێین ئەوە زانست کەئاشکرای کردوە باشە چونکە ئەو قسانەی خۆشەوویستمان دەیکات لەخۆوە نای کات هەرکە خوای گەورە دەفەرموێت

{وَمَا يَنطِقُ عَنِ الْهَوَى }النجم3

واتە/تۆ هچ قسەیەك لەخۆتەوە ناکەیت

جادەبێت ئەو خۆشەوویستا وامان لێبکات قەت لە قسەی دەرنەچین انشاءالله

---

## 19-باوەر بەهەموو شتەکانی خوای گەورە

خوای گەورە شتی ئەوەند زۆرە بە ملیۆنا لاپەرە بنوسین تەواو نابێت کەدەفەرمووێ{وَلَوْ أَنَّمَا فِي الْأَرْضِ مِن شَجَرَةٍ أَقْلَامٌ وَالْبَحْرُ يَمُدُّهُ مِن بَعْدِهِ سَبْعَةُ أَبْحُرٍ مَّا نَفِدَتْ كَلِمَاتُ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٌ }لقمان27

واتە/ئەگەر هەموو زەوی دارەکانی پێنوس بن و دەریاکەشی مەرەکەب بێت و لەدوایە 7 بحریدیش بێت ئەوە شتەکانی خوا تەواو نابن هەرئەو خوایە یە عزیز و حکیم. سبحان اللّٰه ئەوە مانەی هەموو شتێکە جا شتەکانی خوا شتی وا هەیە بە چاووی خۆمان دەبینین شتی واش هەیە نادیارە ئەوە ی بەچاو دەبینین بگرە لەو دونیایە ئەو مرۆڤە ئەو گیانە وەرانە هەموو شتە کانی تر وە دەبێت باوەریش مان بەو شتانە هەبێت کە بە چاو نا بینین هەر لە رۆژی دوایی بگرە تا فریشتەکان و تا هەموو شتێك گەورەترین وەلامیش بۆ ئەو کە سانە ئەوەیە کە دەلێن شتێك بەچاو نە بینرێت باوەری پێناکەین ئەی باشە چۆن باوەر یان بە عەقلی خۆیانە خۆ بە چاوی خۆیان نا بینن یان بە دەنگی خۆیانە خۆ نای بینن .جادەبێت باوەری تەواو مان بە دروست کراووی خوا هەبێت وە خوایا پەنامان بدەیت لەو نە زانانەی کە عبدێکی تۆ بە دروست کراو ی شت دا دەنێن

## 20-شوکر کردن

زیاتر لە (14)جار لە قورئان باسی لێوەکراوە

شوکرانە کردنی خوای گەورە لەهەموو بوارێك دا مرۆڤ توشی هیچ هەلەیێك ناکات جا بگرە لە رووی دەولەمەندی یان خوت لەرووی هەژاری یان لەرووی بەلاو موێیبەتێکی گەورە کەخوای گەورە زۆر مەدحی ئەو کەسانە دەکات کەدەفەرمووێ

{الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّـا إِلَيْهِ رَاجِعونَ }البقرە156

جا شوکرانە کردن سیفەتێکە کە وا لە مرۆڤ دەکات هەردەم لەژیانی دا توشی دل توندی نەبێت وە هەردەم زۆر خەم نەخوات وە دەبێت باوەری تەواو مان بە و چارەنوسەبێت کەخوا رۆی داناووین نابێت ناشوکرانەی لەسەر بکەین .

---------------------------------------------

## 21-پشت بەستن تەنها بەخوای گەورە

ئەووەیان سفەتێکە ئەگەر مرۆڤ بیکات ئەوە لە و ژیانەی کە تیی دایە زۆر بە نرخ وەر ناگرێت وە توشی هیچ گرفتێکی وانابێت کە لە بنی دەر نەچێت بۆ نمونە ئەگەر کاری بە هەموو ناوەکانی خوای کرد ئەوە باکی بە کەس نیە چونکە دەبێت وا دابنێت کە تەنها خوای گەورە رەزاقە بەس داوای رزق لەو بکات یان بە خوای گەورە ملیك ە تەنها قسە کانی ئەو بە قسەی گەورەی خۆ دا بنێت وە دەبێت بزانێت تەنها خوای گەورە رحیمە ئەو دەی بوو رێت نەك کەسێکی تر جا ئەگەر بێت و هەموو سیفەتەکانی خوای گەورە لە ژیانی رۆژانەمان کارپێبکەین ئەوە توشی هیچ گرفتێك نا بین و سەر شۆری بۆ هیچ کە سێك دانا نێین وە هیچ کە سێك لەراست خۆمان بە توانا تر نا بینین وە لە هیچ کە سێکیش نا خۆن چونکە بۆ مان باشتر دەر دەکەووێت کە خوا قادیرە لە سەر هەموو کەس ئەوە قودرەتی خوایە کە بەو کەسەی داوە .

## 22-لەخواترسان

زیاتر لە(43)لەقورئان باسی لێوەکراوە

خوای گەورە زۆر باسی لە خوا تر سانی کردوە کە تەنها ئەوانە خاوەنی فیر دۆسی ئەعلان هەر ئەوانە جێگای پێغەمبەران دەگرنەوە جا لە خوا تر سان لە هەموو روو یە کەوە دەگرنەوە ئیوا هەیە کاتێك گوێ لە ئایە تێکی خوا دەگرێت کە باسی ئازاری تیایە ئەوە دەست دەکات بە گریان ئەو کەسانە خۆشەوویستمان مژدەی پێداوون کە ئەو چاوە لە رۆژی دوایی قەد نا گرییَ وە لە خوا تر سان بە سە بە بی یەکەم ئەوەیە کە دەست بۆ هەر کا رێك ببەی ئەوە یەکەم چار تر سی خوات لە بیر بێت بۆ ئەوەی بزانی ئەو کارەی دەی کەیت حەرامە یان خۆت حەلالە گەر ئەو ترسەت لە لاشە دابوو ئەوە زۆر بەکەم توشی هەلە دەبیت .

بەلام داخی گرانم ئەوەیە کە ئێستا لەو سەر دەمەی ئێمەدا کەسێك زۆر لە خوا تر سا هەموو کارێکی نەکرت لەتر سی خوا دا ئەوە ئەو کەسە بە کەسێکی تێکەل نەبوون لە کۆمەل دەژمێر درێت و وە زۆر کەم هەیە ئەگەر زیندانیش نەکرێت .

---------------------------------------------

## 23-ڕێگای راست

زیاتر لە (45)جار باسی لێوە کراوە لە قورئان

(وانبنى اسرائيل تفرقت على اثنتين وسبعين ملهو تفترق امتى ثلاث وسبعين مله كلها فى النار الا واحده ماانا عليه واصحابى) رواه الترمزى

واتە/بەنی ئیسرائی لی یەکان بوون بە (72)تاخم ئوممەتی منیش دەبێتە (73)تاخم هەرهەموویان دەچنە ناو ئاگر تەنها تاخمێك نەبێت ئەوانەی لەسەر رێی من و هاوالانم دەرۆن.

جا لێرەدا هەندێك پرسیا دێنا ئاراوە پێش ئەوەی بچینە ناو باسەکە ئایا ئێمە چۆن بزانین رێگەی راست چیە؟ وە چۆن کاری پێبکەین

ئێمە یەکەم جار با بێین لە خۆمان بپر سین ئایا چۆن باوەر بکەین کە ئاین مان راستە؟

ئێمە دێین سەیری هەموو ئاینەکان دەکەین کابزانین کام ئاین رێز لە خوا دەنێت زیاتر وەکام ئاین رێز لە هەموو ئێغەمبەران دەنێت زیاتر ؟ ئەوە بۆ مان دەر کەوت تەنها ئاینی ئیسلامە رێز لە هەموو پێغەمبەران دەنێت و رێز لە خوای گەورە دەنێت بوختانی بۆ دروست ناکات جا ئەو جارە دێین کابزانین کام رێگا لە ئاینی ئیسلام راستە کام رێگا بوختان بە ناموسی خۆشەوویست نا کات و کام رێگا عشرە موبەشەرە کان هەندێکیان بە کا فر دا نا نێت و هەندێك هەوالان بە گەورە حیساب ناکات ئەوە شتێکی روون و ئاشکرایە کە تەنها دەستەی سەنەیە کە ئەو شتە نا کات؟چا ئەو چارەیان با بێنە ناو دەستەی سونە کا بزانین کامەن لەوانە ئەوەی کەس بە کافر دا نا نین و خوێنی کەس بە نا حەق نا رێژن جا لێرەدا ئێمە بۆ ئەوەی زۆر بە باشی رێگای راست بدۆزینەوە پێوویستمان بە قور ئان و سونە تی خۆشەوویست هەیە جا با لە یە کەم جار برۆینە سەر ئایە تە کانی قور ئان بۆ ئەوەی بزانین چۆن لێی شارەزا دەبین لە قور ئاندا زیاتر لە 6600ئایەت هەیە ئایا ئەو ئایا تانە چۆن بەکار دێنین ئەوا یان گرینگە لە قورئاندا هەندێك ئایەت هەنە پێیان دەووترێت نسخ و نسوخ هەندێك پێیان دەووترێت متەشابیهات هەندێك یان لە سورەتێك هەندێك باسکراوە لە سورەتی تر تەواو کەرەکەی باسکراوە هەندەکیان کاتێ دەخوێنین ما نا یەکە بەلام کە دەچیە سەر تەفسیرەکە ما نا یەکە هەندەکیان لەدوونیا چەند بخوێنی تێی ناگەی ئەوە لە دوارۆژ ما نای دەزا نین هەندێکی تریش چەندین مانا دەدات جا با بێین یەکە یەکە ئەمانە باس بکەین .

1- دەربارەی نسخ و نسوخ نەسخو نسووخ ئەوەیە کا تێ خۆی ئیسلام لە مەکە بوو بۆ ماوەی 13 سال زۆر لاواز بوو هەندێك ئایەت دابەزین بەلام کاتێ ئیسلام چو بۆ مەدینە هەندێك ئایەتی تر دا بەزین کە ئیسلام بەتوا نا تر بوو ئەو چا زۆر لە ئایا تەکانی مەکە نسخ کرانەوە لە جیا تیان دا مەدینە یەکان داندران کە87 سورەت لە مەککە دا بەزی وە 27 یان لە مەدینە دا بەزر کە ئەوانی مەدینە زۆر بە یان درێژەکانن جا لێرەدا نمونە لە سەر نسخو نسوخ زۆر بەلام هەندێك نمونە دە هێنینەوە

{يَا أَيُّهَا الَّزِينَ آمَنُواْ لاَ تَقْرَبُواْ الصلاةَ وَأَنتُمْ سُكَارَى حَتَّىَ تَعْلَمُواْ مَا تَقُولُونَ ) النساء43

واتە / ئەی ئەو کەسانە کە ئیمانتان هێناوە نزیکی نوێژ مەکەوون کە ئێوە سەر خۆشن بۆ ئەوەی بزانن چ دەلێن .

ئەوە بەلگەیە لە سەر ئەوەی کە هێشتان مشرون حەرام نەکرابوو

لەدوای دا کا تێ ئیسلام بە هێزبوو ئەو ئا یە تان ناردرانە خوارەوە

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِنَّمَا الْخَمْرُ وَالْمَيْسِرُ وَالأَنصَابُ وَالأَزْلاَمُ رِجْسٌ مِّنْ عَمَلِ الشَّيْطَانِ فَاجْتَنِبُوهُ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ }المائده90

واتە/ئەی ئەو کەسانەی کە ئیمانتان هێناوە ئارەق و قومارو بت ئەوانە پیسن لە کاری شەیتانە .

جا بۆ ئەوەی زیاتر شارەزای ئەو نسخ و نسو خەبین وا باشە کە ئا یە تێك مان گوێ لێ بوو پێش هەموو شتێك بزانین کە مەککەیە یان مەدینەیە ئەگەر مەدینەی بوو ئەوە تەواوە بەلام ئەگەر مەککەی بوو ئەوە وە باشە بزانین کە هیچ ئا یەتێك هەیە لە ناو مەدینە یە کان ئەگەر نەبوو ئەوە تەواوە حوکمی پێدەکرێت .

ئەو جارە با بێینە سەر ئەوەی دووەم

2- موتە شابیهات

ئەوەیان ئەو جۆرێکە لە و ئایا تانەی کە ئاگامان لە خۆمان نەبێت لەوە نەیە توشی هەلە ببین چونکە خۆشەوویست دەفەرمووێ ئەوانەی خۆیان بە ئا یەتی موتە شابیهات خەریك دەکەن ئەوانە بەرەو گومرایی دەرۆن جا کا بزانین ئەوانە چ جۆرێکن

ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ

لەچەند شوێندا دەلێت خوا لە سەر عرش وەستاوە

باشە خۆ خوا منەتی بە جێگانیە تا ئێمە وا دابنێین حوا لە سەر عرشە یان خوت لە جێگایەکی تر دەلێت

يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ ا لفتح10

باشە خۆ خوا دەستی نیە ئێمە وا دا بنێین دەستی هەیە چونکە خوا بە خۆی دە فەر مووی

لَيْسَ كَمِثْلِهِ شَيْءٌ

واتە/ هیچ شتێك وەك من نیە

جا لێرەدا ئێمە چۆن دەزانین ئەوە موتە شابیهاتە ئەگەر بێتوو تۆزێك لەگەل سیفاتی خوا نە گونجا یان خووت کەس تەفسیری نەکرت لە تەفسیرە گەورەکان ئەوە وە باشە تۆش خۆی لێبپارێزی .

ئەو جارە با بێینە سەر ئەوەی سێ یەم

3- ئەو ئایە تانە دەگرتەوە کە لە سورەتێك هەندیك باسکراوە لە سورەتێکی تر تەواو کەرەکەی باسکراوە ئەوەش پێم خۆشە ئەو نمونەیە بلێم کە بە شەی زۆری نەزانانی کورد توشی بووینە

وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً

ئەو ئایەتە مانای ئەوە دە گەینی کە بۆ هەموو میلەتێك خوای گەورە پێغەمبەری بۆ رەوانە کردوون جابگرە لە چەندین ئایەت دا خوا ئەو قسەی کردووە وە دەلێت بۆ هەموو ئۆمەتێك پێغەمبەرێکم بە زمانی ئەوان نا ردووە جا لێرەدا هەندێك کەس دەلێن ئەی باشە خۆ محمد پێغەمبەری ئێمەنیە ئێغەمبەری عەرەبانە ئەی باشە بۆ چی ناچن سەیری ئایە تە کانی تر بکەن کە خوا چ دەفەر مووێ

رَّسُولَ اللَّهِ وَخَاتَمَ النَّبِيِّينَ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيماً }الرحزاب40

ئەی باشە سەیر ناکەن کە خۆشەوویست گەورەی پێغەمبەرانە ئەوەی بەدوای نە کەوێت سەر گەردانە کەخوا بە خۆی مەدعی ئیسلام دەکات دەفەرمووێ

إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الإِسْلاَمُ عمران19

جا ئەگەر بێتو قسەی ئەوانیش راست بێت کورد پێغەمبەری خۆی هەبێت ئەی ئێستا خۆ ئەو دینە نمایە هەر دەبێت بەدوای ئیسلام بکەووین

جا لێرەدا زۆر ئایەت هەیە لە شوێنك دا باسێك دەکات لە ئایەتێکی تر نەفسی باس درێژە پێدەدات ئەوەش یان دەبێت زۆر ئاگامان لێبێت راست قرار نەدەین تا بە باشی سەیری قورئان دەکەین

ئەوجارەیان با بێینە سەر ئەوەی چوارەم

4-{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ لاَ تَقُولُواْ رَاعِنَا وَقُولُواْ انظُرْنَا وَاسْمَعُوا وَلِلكَافِرِينَ عَذَابٌ أَلِيمٌ }البقرە104

ئەوەش یان بە شێکی گرینگە ئەگەر ئێستا شارەزای مان نەبێت لە رووی تەفسیر ئەوە هەر یەکەو بە مێشکی خۆی مانا کە لێك دەداتەوە

ئەوە لە کاتی خۆی دا خۆشەوویست دەرسی بە قوتابیەکان دەووت تۆزێك بە پەلە دەی ووت ئینجا هەوەلەکان دەیان گوت راعنا /واتە چاو ت لە ماە بێت ئینجا جولەکەکان ئەو قسە یان بیست گوتیان راعنا بە زمانی ئێمە واتە جوێن هەر بەلای خۆشەوویست دەرۆشتن دەیان ووت راعونا راعونا ئینجا خوای گەورە ئەو ئایە تەی ناردەخوارەوە گوتی مەلێن راعنا بلێن انظُرْناجا لە قورئان دا سەدان نمونەی وا تێدایە پێوویستە لە سەر مان خۆمان زۆر لە تەفسیر شارەزاکەین نەوەك بە مێشکی

**خۆمان تەفسیر بكەین.**

**ئەو جارە با بێینە سەر باسە ی پێنچەم**

**6-ئەو ئایەتانەی كە لە ما نا یان نا گەین تا رۆژی دوای نەبێت وەك الم/ ن/ ق /المیٓ/**

**جا ئەوانەش كە لە زۆر بەی سەرەتای سورەتان هەیە**

**ئەو جارە با بێینە سەر ئەو با ئایە تانەی كە لە هەر سەردەمێك دا مانا یەكی پر بە خۆی دەدات وە ئەوانە زۆرن بە ئێستا هەندێك یان باس دەكەین**

**{إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَباً وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ }يوسف4**

**ئەوە یان خەونێك بوو كە حزرەتی یوسف بە باوكی خۆی یعقوب ووت ئەوویش ئەو كات وەلامی داوە كە گوتی 11 كەو كەبەو مانگ و رۆژ سوجدەیان بۆ بردم ئەو 11 كەو كە بانە برایە كانی ئەو بە مانگ و رۆژ دایك و باو كی ئەو بوو ن جا ئێستا زانست كەئاشكرای كردووە كە 9 كەو كە بەی دۆزیوەتەوە كە گوایە زۆری نەماوە دووەكانی تریش بدۆزیتەوە ئەوە هەزاران سال پێش ئیسلام ئەم قسە كراوە تازە زانست بۆ مانی دە دۆزێتەوە**

**{وَالْخَيْلَ وَالْبِغَالَ وَالْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا وَزِينَةً وَيَخْلُقُ مَا لاَ تَعْلَمُونَ }النحل8**

**واتە/گیانەوەرانمان دروست كردوە بۆ ئەوەی سواری ببن لەدوای دا شتی وەك وان دروست دەكەین كەسواری ببن**

**ئەی باشە سەیارە چیە بۆ سوار بون نیە ؟**

**جا لێرەدا خۆشی قور ئان ئەوەیە كە هەموو ئایە تەكانی بۆ هەموو سەر دەمێك بەكاردێت بێئەوەی دەست كاری بكەن.**

**جا ئەوە هەندێك بوو لە شارەزایی قورئان بۆ ئەوەی رێگای راست پێ بدۆزینەوە.**

**جا ئەو جارەیان دێینە سەر فەرمووەدەكانی خۆشە وویست مان**

**بۆ ئەوەی رێگای راست لەم فەرمووەدانە بدۆزینەوە پێوویستە بە پلەی یەك سەیری ئەم شەش پەرتوكانە بكەین چونكی زۆر كەس فەرمودەیان نوسیوەتەوە بەلام ئەو شە شانە بە سنەدیراست دادەنرێن**

**1-بوخاری**

**2-مسلم**

**3-امام احمد**

**4-ترمزی**

**5-نسائی**

**6-ابن ماجە**

**لەو شە شانەش دوویان لە هەموویان بە هێز ترن كە پێیان دەووترێت رواە شێخان ئەوویشسان /بوخاری و مسلم ن/ لەو دوانەش بوخاری لە هەموویان بە هێز ترە جا زانستی فەرمودە زانستێكی گەورەیە پێوویستە خۆمانی باش لێشارەزا بكەین ئەوەك توشی هیچ هەلە یەك ببین .**

**جا ئەوەیان هەمووی رێگای راستە ئەگەر ئێمە دل مان لێبێت زۆر بە ئاسانی دەگەین بە رێگای راست وە دەبێت ئیمانی تەواو مانیش پێی هەبێت چونكە كەس بە بێ ماندیبوون نا گات بە رێگای راست.**

**----------------------------------------**

## 24-پارانەوە تەنها لەبەر خوای گەورە

زیاتر لە (110)جار باسی پارانەوە کراوە لە قورئان دا

پارانەوە پیشەی هەموو پێغەمبەرانە و پیشەی هەموو پیاو چاکانەو پیشەی فریشتانە ئەوەی خوای خۆی بە حەق بناسێت هەردەم دەمی لە پارانەوە دەبێت چونکە پارانەوە بۆ خوای گەورە نیشانەی عبدایەتیا چا دەبێت ئەو سیفەتە تەنها لایەقی خوا بێت نەك لایەقی کەسێك بیت نەوەك بۆ کەسێك بپارێینەوە ئێمە دەبێت لە هەر خەمێکی ژیانماندا یان لە خۆشیەك دا بپارێینەوە پارانەوە سیفە تێکە کە ئەوەی مل کەچیش نەبێت بۆخوای گەورە کاتێك دەکەوێتە ناو ناخۆشیەك دەپارێتەوە لەو حالە تەدا ئێمە هەموومان ژیانی فیرعونی زالم دەزانین کاتیَلە سەر حوکم بوو خۆی بە خوا دا دەنا بەلاَم کاتێت کەوتەناو شالاوی مردن دەستی بە پارانەوەکرد بۆخوای گەورە جا لێرە دا ئێمە دەبێت زۆر بپارێینەوە لەخوای گەورەدا پێشئەوەی توشی بەلاو موسیبەتی دونیاببین وە دەبێت تەنها بۆ خواش بپارێینەوە نەك بۆ پیاو چاکان یان بۆ پێغەمبەران چونکە ئەوانە مردوون تەنها خوا زیندووە .

---

## 25-تەرك كردنی ڕێگای خراپ

زیاتر لە (22)جار لە قورئان باسی لێوە کراوە

هەر لە دروست بونی مرۆڤ تا ڕۆژی دوای دا شەیتان هەولی داوەو هەولیش دەدات مرۆڤ توشی ڕێگای خراپ بکات چونکە ئەوە پەیمانێکە لە نێوان خواو شەیتانەوە کە کاتیَ خۆی خوای گەورە ئادەمی دروست کرد هەموو فریشتەکان کرنۆشیان بۆ برد تەنها شەیتان نەبێت جا کا تێك خوای گەورە شەیتانی لە ڕەحمەتی خۆی دوور خستەوە ئەو بە لێنەی بە شەیتان دا کە تا ڕۆژی دوای نەی مرێنیَ جا لەو کاتە وە تا ڕۆژی دوای شەیتان هەر لە هەوول دان دایە بۆ خشتە بەری مرۆڤ جا خوای گەورە لە چەندین شوێنی قورئان ئاگادارمان دەکاتەوە دە فەرمووێ

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ كُلُواْ مِمَّا فِي الأَرْضِ حَلاَلاً طَيِّباً وَلاَ تَتَّبِعُواْ خُطُوَاتِ الشَّيْطَانِ إِنَّهُ لَكُمْ عَدُوٌّ مُّبِينٌ }البقره168

واتە/ئەی کۆمەلەی خەلك ئەوەی لەو زەویە دایا هەموو بۆتان حەلا لەو خاوێنە وە بەدوای فوکرەی شەیتان مە کەوون جونکە بۆ ئێوە دوژمنێکی دیارە جا لێرەدا بۆ مان دەر دە کە ووێت کە ڕێگای خراپ هەمووی لە لایەن شەیتانە وە دایە جا با بزانین ئەو ڕێگا خراپانە چین؟

ڕێگای خراپ هەموو ئەو ڕێگانە دەگرێتەوە کە لە گەل دەستوری خواو فورموودەی خۆشەوویست دا نە گونجێت جا شەرت نیە هەموو یان هەر بە کر دەوەبن بەلکو بە زمان یان بە فکرە جا بگرە لە کەمترین شت تا گەورە ترین شت لە گەل دەستوری خواو پێغەمبەر نا کۆ کی هەبێت ئەوە بە ڕێگای خراپ دەژمێر درێت.

---

## 26-تەرك كردنی فێڵ

خۆشەوویست دەفەرمووێ (من غشنا ليس منا ) واتە ئەوەی غەش دەکات لە ئێمە نیە .مانای خەش زۆر شت دەگرێتەوە لە هەموو شتێکیش دەتوانین خەش بکەیت هەر لە مالە وە بگرە تا لە دەرەوە تا لە گەل خزم و برادەران تا لە کارەکە جا بگرە بە هەموو شێوەیەك هەر یەکەو شێوازی غەشی خۆی هەیە ئەوویش بۆ ئەوەی بزانین کە چ شتێك غەشە پێوویستە دەست بۆ هەر کا رێك بدەین یان چ قسە یەك بکەین بۆ کارێك دەبێت بزانین ئەو شتە حەرامە یان حەلا لە چونکە هەر شتێك حەرام نە بێت ئەوە قەت بە غەش دا نان د رێت بەلاَم زۆر بەی زۆری خەش لە رووی معاملە دەگرێتەوە چونکە خۆشەوویست کاتیَ ئەو فەرموودەی ووتوە دەربارەی ئەو بازرگانانە ووتوە کە فێل لە خەللك دەکەن وە خوای گەورەش باسی ئەو کەسانەی کر دوە کە غەش دەکەن لە پێوان دا کە دەفەرمووێت

{وَيْلٌ لِّلْمُطَفِّفِينَ }المطففين1

واتە/وویل بۆ ئەو کەسانە کە لە کێشان و پێوان فێل دەکەن وەیل قۆرتێکە لە دۆزخ.

جا شەرت نیە پێوانە بەس ئەو کە سانە بن کە بە قالن بەلکو هەر شتێك خراپ بێت بە باش بفرۆشریَ ئەوە شمول دەکات .

---

## 27-تەرك كردنی ئەوشتانەی كەنەفس داوای دەكات

زیاتر لە (270) جار باسی نەفس كراوە لە قورئاندا

نەفس شێكی نادیار هەموو مرۆڤێك لە ناو لە شی دا هەیە تەنها فریشتەكان نەفسیان نیە جا ئەو نەفسە پالدەرێكی زۆر باشە بۆ شەیتان كە مرۆڤ توشی هەموو هەلە یێك دەكات جا ئەو نەفسە ئەوەی خواو پێغەمبەری خوا پێی نا خۆش بێت داوای ئەووی لێدەكات جا چەند لە گەری برۆی ئەوە داوای زیاترت لێدەكات بەلام كاتێك سەر كوتت كرد ئەوا واز لە دوونیا دێنێت بەلام فرەدانی زۆر ئا سان نیە دەبێت هەردەم ئاگا داری خۆت بە نەوەك توشی هیچ شتێكت بكات جا لێرەدا ریوا یە تێك هەیە دەمە ووێت لە سەر نەفس بیلێم بەلام نا زانم تاچ رادەیێك راستە چونكە ئەو كتابەی كە لێم وەر گرتوە هیچ سەنەدێكی لەسەر نەنوسیوە بەلام سەرهاتێكی خۆشەو لەگەڵ نەفس متا بیقە لە كتابە كە دا دەلێت كاتێك خوای گەورە نەفسی دروست كرد بانگی كرد گوتی تۆ كێی من كێم گوتی تۆ تۆی منش منم نەی گۆت تۆ خوای من عبدی تۆم دەلێت خوای گەورە چەندین سال سوتان دی كا تێك دەری هێنا دیسان لێی پرسی هەر قسەی جارانی كرد ئەو جارە پرسی كرد ئینجا گوتی خوایا تۆ خوای منی من عەبدی تۆم . جا لێرەدا مەبەستی ئەو كتابە ئەوەیە كە نەفسی مرۆڤ تەنها كە هەژار دەبێت خوای لە بیر دەبێت جا پێوویستە زۆر ئا گامان لە نەفسی خۆمان بێت چونكە بەراستی ئەو سەر دەمەی ئێستا ئێمە تێی داین زۆر سەر دەمێكی پیسە كە رۆژانە دەیان ناشرعی دەبینی كە كاری بەدرەوشتی بوویتە كارێكی ئاسایە لە زۆر جێگادا كە سەیری تەلە فزیۆن و گۆڤارەكان دەكەیت دەیان وێنەی كچی رووت لێدراوە هەر یەكەو بە نا ووێك ئەوە هونەر مەندەو ئەوە شاعێرەو ئەوە یاریزانە ئەوانە هەموو یان بۆ لاواز كردنی ئەخلاقی ئەو گەنچانەن كە تازە پێگەیشتوون جا دەبێت زۆر ئاگامان لە خۆمان و لە منا لە كان مان بێت نەوەك خوا نەخواستە توشی هیچ ببن .

------------------------------------------

## 28 -تەرك كردنی (حەقد)بەرامبەری خەلك

تەنها بۆ ئێمە هەیە لە پێناووی خوا دا خەلكانێك ببوغزێنین نەوەك لە پێناوی خزمایەتی یان خوودلە پێناووی برادەرێك چا ئەگەر توشی هەر كێشە یەك بووین لە گەل هەر كەسێك دا پێوویستە لە سێ رۆژ زیاتر خۆی لێنەگرینەوە ئەگەر بێیوو قسە شی لە گەل نە كەین دەبێت سەلا مە كە هەر بمینێت یان خوود ئەگەر زۆر دواكەوت بوو پێوویستە رۆژ یكی وەك چەژن چاوومان پێكەووت قسەی لە گەل بكەین یا خوود دەبینین كەسێك دێتە لای كەسێك داوای لێبوردنی لێدەكات ئەو كەسە لێی نا بووڕێت ئەوە بەراستی دیار دە یەكی زۆر نا شرینە چونكە ئێمە هەموو مان دەزانین

كا تێك وەحش مامی خۆشەوویستی شەهید كرد هەمزە لە دوای دا خۆشەوویست لێی بووری چا ئەگەر خۆشەوویست لە كەسێك ببەخشێت كە خۆشەوویست ترین مامی شەهید كرد ئێمە لە كەسێك نا بەخشێت كە لە سەر ئەو ژیانەی رۆژتەمان كێشە یێك رووی داوە بەلام تەنها لەو كە سانە نا بوورین كە دوژمناتی خوای گەورە بكات كە رۆژانە وەك سەگ بەخواو بە پێغەمبەر دەرەوویت بەلام ئەگەر كێشەكە كێش یەكی دونیای بوو ئەوە نا بێت بوغز لە كەس بكێشین ئەوە تەسلیمی خوای گەورەی دەكەین ئەوەی خەدر مان لێدەكات كە مە سە لە یەكی كوردی خۆمان هەیە كە دەلێت راست و ریَ خوارو خوا واتە ئەوەی خوارلە گەلت جولاوە تەسمیلی خوا بكە هەر دە گاتە حەقی خۆی ئەو رۆش نە سبەش نە رۆژی دوایی.

-----------------------------------------

## 29 -تەرك كردنی تورەبوون

تورەبوون جۆری هەیە لێرەدا كە دەلێت تەرك كردنی تورەبوون مەبەستی ئەو تورەبوونە نیە كە لە پێناووی خواو پێغەمبەر دەی كەیت مەبەستی تورەبونی دوونیایە .جا لێرەدا حزرەتی علی دەفەرمووێ تورەبوون جۆری هەیە هەیانە زوو تورە دەبێت بەلام زوو چاك دەبێتەوە ئەوە یان خێرو شەری بەرامبەرە بەلام هەیانە زوو تورە دەبێت بەلام زوو چاك نا بێتەوە ئەوە یان خراپە هەشیانە زووتورو نا بێت بەلام زووش چاك نا بێتەوە ئەوەش یان زۆر باش نیە بە لام هەیانە زوو تورە نا بێت بەلام زوو چاك دەبێتەوە ئەوە یان لەهەمووو یان باشترە . جا شەیتان بە خۆی دەلێت ئێمە لە توو رەی مرۆڤ دا هەمووو كا رێكی پێی دەكەین ئەوەی بمان هەوویت وە ئەو كە سەی زوو توورە دەبێت لە سەر شتێكی كەم ئەوە ئێمە زۆر لەگەلی هەوول نا دەین چونكە هەر كات بمان هەوویت لە خشتەی دەبەین جابرایان تورەبوون لە سەر كاری دوونیادا پیشەی هیچ پێغەمبەرێك و پیاو باوەردار یێك نەبوە كاتی خۆی هەبوە لە بێباوە رەكان چەند ئەز یەت دانی خۆشەوویستیان كردووە هەر تورە نە بوە بەلام ئێمە كە لە سەر كەم ترین شت تورە دەبین جا خۆ شەوویست دە فەر مووێ كا تێك تورە بوویت ئەگەر بە پێوە بووی دابنیشە ئەگەر دانیشتبووی راكشیَ ئەگەر راكشابووی دەست نوێژ بگرە . وە لە زەمانی موسی دا سلاوی خوای لەسەر بیَ شەیتان بە موسای ووت تۆ لە سێَ كات ئاگات لەمن بێت یەك لەوانە تورەیی بوو .جا هەر تورەییە كەدەبێتە هۆی مرۆڤ لەناو جون یان خووت لێك بوونەوەی ژنو مێرد كە هەزاران حێزان بەو شتە دە نالن جا انشاالله خوای گەورە وامان لێدەكات تەنها لەسەر ئەو ئاینە خاووێنە تورە ببین نەك لە سەر دوونیادا.

## 30-تەرك كردنی خۆشەوویست دونیا

زیاتر لە (120)جارباسی لێوە كراوە لە قورئاندا

خۆشەوویست دەفەر مووێ دونیا بەهەشتی كافرانە وە بەندیخانەیە بۆ موسلمانان .جالە دوونیادا ئەگەر مرۆڤ بیر لە خوا نە كاتەوە ئەوە هەمووی خۆشیە بەلام كاتێت بیری لە خوا كر دەوە ئەوە زۆر شت لە خۆی تەرك دەكات كاتێك تەركی كرد بۆی دەبێتە بەندیخانە جا ئێمە دەبێت خۆشی دوونیا تەرك كەین نا بێت هەموو شێك بكەین وە بیر لە رابردووی خۆمان نە كەینە وە جونكە دەبێت بزا نین ئێمە بۆچ دروست كراوین چونكە خوا دەفەر مووێ

{وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ }الذاريات56

واتە/جن و ئادەمیزادم بۆ هیچ دروست نەكردووە تەنها بم پەرستن

جا ئەگەر ئێمە كەو تینە دوو خۆشیەكانی دوونیادا ئەوە خوای خۆمان لە بیر دەچێت دەبێتە پێچە وانەی ئەو ئایەتە جا خۆ شیەكانی دوونیا تە واو نا بن چەند بەدوای دا برۆین هەر زیاتر دەبێت وە ئەگەر ئێمە هەر لە تەمەنی زوو خۆمان لە گەلی ڕانەینین ئەوە ناتوانین تەركی كەین بۆ نمونە كە ئێستا موزیقا لای زۆر كەس بوویتە نان و ئاوی ئەو كەسە كە ئەگەر هەموو رۆژێك لێنەدات وادا دەنێت شتێكی وون كر دووە جا ئەوە خۆشی دونیایە كە دەبێتە هۆی دوور خستنەوەت لە ئاین چونكە خۆشەوویست دەفەر مووێ مۆسیقا دل رەق دەكات وە مۆسیقا زكری شەیتانە باشە ئەگەر دلێت زكری شەیتانی رۆژانە لە ناو لەش دا بێت وە دلیشی رەق ببێت توخوا ئەو دلە چ سودێكی دەبێت بۆ زیكری خوا بەلام داخی گرانم ئەوەیە كە ئێستا زۆر ئەو كەسانەی بەناو ئیسلامن وە بە ناو زانان مۆسیقایان حەلال كردووە لە گەل ناووی خوا بیلێن توخوا هەیە تاوان لەوە تاوان تر كە زكری شەیتان لە گەل ناوی خوا بیلێن جا من قسە لە گەل یەك لەو زانا یانەم كرد دەی ووت خەللك هەر گوێ دەدات بە مۆسیقا با گووێ بگرن لەو مۆسیقانە جا ما مۆستا بۆ دیارە بە ئارازووی خەللكە یاخود خەللك زەحت لەخوا دەكات شت یان بۆ حەلال بكرێت یان خود خوا غەدر لە قەوومی پیشە مە دەكات كە مۆزیقە بۆ وان حەرام بێت بەلام بۆمە حەلال بێت توخوا بەس تۆزێك بیری لێبكەینەوە ئەوە راستە؟ جا برایان دەبێت زۆر ئا گا مان لە خۆبێت خۆشی دونیا وات لێنەكات وەك هەندێك كەس شت بۆ خۆمان حەلال كەین . جونكە بۆ هیچ كەسێك نەبوە خۆشی دوونیاو خۆشی دوایی جونكە ئێمە لەو پێغەمبەرانە پیرۆز تر نینە كە لە دوونیا هیچ خۆشیان نە بوو ئێمەش بلێین واللە ناتوانم مۆسیقا تەرك كەم وە ناتوانم نەزەر تەرك كەم كچ زۆرن جا بگرە لە هەموو شتێك كە لە گەل دەستوری ئیسلام نە گونجێت.

-----------------------------------------------

## 31-(تەرك كردنی گومانی خراپ بەرامبەر خەلك)

{يَا أَيُّهَا الذِينَ آمَنُوا اجْتَنِبُوا كَثِيراً مِّنَ الظنِّ إِنَّ بَعْضَ الظنِّ إِثْمٌ وَلَا تَجَسَّسُوا وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضاً أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتاً فَكَرِهْتُمُوهُ وَاتَّقُوا اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ تَوَّابٌ رَّحِيمٌ }الحجرات12

زۆر بەی زۆری ئەو گرفتانەی كە لە ناو كۆمەلگاداهەنە هەمووی گومانی خراپە بە یەكتری بردن كە پێش ئەوەی لە شتەكە بكۆلیتەوە یە كەو سەر بریاری لە سەر دەدات چونكە هیچ كەسێك نەعوزو باللە زانستی نادیار لانیە بۆ ئەوەی 100فی 100 بزانێت مەبەستی ئەو كەسە چیە جا ئەو گومانی خراپ یە خەللك بردن لە سەر دەمی خۆ شەوویستیش هەبوە كا تێك خۆشەوویست هاوەلێكی نارد بۆ لای هۆزێك كەفێری ئاینی بكات كە هۆزەكە بە خۆی داوای كرد جا كا تێك یەك لە هەوەلەكەی نارد بەلام ئەو هەوەلە كاتی خۆی كێشەیێكی هەبوو بەرامبەر ئەو قەو مە جا كە هەوالەكە گەیشتە نزیك قەومەكە وا دەبینی هۆزەكە هەموو یان ها تونەتە سەرریگا بۆئەوەی پێش وازی لە نوێنەری خۆشەوویست بكەن جا ئەو هەوەلە وای داناكە ها توونەتە رێگا بۆئەوەی ئەو بكوژن جا راست جو بۆلای خۆشەوویست گوتی ئەو قەو مە خۆیان كۆ كر دۆتەوە بۆ چەنگ كە گومانی خراپی بەرامبەر یان دەر بری پێش ئەوەی بزانێت مەبەستیان چیە ئینجاخوای گەورە ئەم ئایەتەی دابەزاند

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِن جَاءكُمْ فَاسِقٌ بِنَبَأٍ فَتَبَيَّنُوا أَن تُصِيبُوا قَوْماً بِجَهَالَةٍ فَتُصْبِحُوا عَلَى مَا فَعَلْتُمْ نَادِمِينَ }الحجرات6

جالێرەدا دەبێت ئێمەزرۆئاگامان لەخۆمان بێت كەهیچ كارێك نەكەین و بریاری بۆ نەدەین تا باش لە باسەكە دەكۆلینەوە نەوەك توشی گومانی خراپ ببین بەرامبەر بە خەللك دا.

-----------------------------------------

## 32-(داپۆشینی كەم كورتی خەلك)

هیچ مرۆڤێك نیەكەم وكورتی تیدا نە بێت تەنها خوای گەورە قدوس ە پاكە جا دەبینیت جاری وا هەیە كە سێك دەبینی ئەو كەسە

عەیبێکی لەناو لەشدایە کە خوای گەورە پێی داوە ئەو کەسەش لە بەر شەرم کرد ن لە ناو خەڵك دای دەپۆشێت تۆش دەزانی ئەوە نابێت بڕۆیە لای هەموو خەڵك ئەو عەیبە باس بکەیت چونکە خۆشەوویست دەفەر مووێ هەر کەسێك عەیبی کەسێك داپۆشێت خوای گەورەش عەیبێکی ئەو دا دەپۆشێت یان خووت دەبینی کەسێك تاوا نێك دەکات بەڵام لەدوایی دا تۆ بە دەکات ئەوە پێویست ناکات تۆ لەناو خەڵك باسی تاوانە کانی بکەیت کە ئێستا تۆ بەی کردووە جا شکاندنەوەی خەڵلك کارێکی حراپە و سیفەتی بێباوە ڕەکانە چونکە هەرئەوانە لە کاتی خۆی هەولیان دەدا خۆشەوویستمان عەیب دار بکەن کە ئێستاش بە چاووی خۆ مان دەبینین کە تاخمێك هەنە لەناو ماندا کە بە قسەی کوفر ڕەخنە لە خۆشەوویست و لە هەوەلانی دەگرن کە ئەوەش هەر بە شێکە لەوەی کە خەلك عەیب دار دەکەن بەلام ئێمە دەبێت خۆمان لەوە بپارێزین کەخوای گەورە زۆری پێنا خۆشە خەلك عەیب دار بکەین بەلام ئەگەر کەسێکت دیت عەیبێکی لە ناو بوو کە دوژمنا یەتی خوای دەکرد ئەوە نا بێتە ئەوە کە تۆ عەیب داری دەکەیت ئەوە دەبێتە ئەوەکە تۆ موسلمانان ئاگا دار دەکەیتەوە کە ئەو کەسە زیانی بۆ ئیسلام هەیە .

## 33-(نوێژ کردن بەرێك و پێکی )

{ٱلَّذِينَ هُمْ فِى صَلَاتِهِمْ خَٰشِعُونَ }المؤمنون2

واتە/ئیمانداری تەواو ئەو کەسەیە کە نوێژەکانی بە رێك و پێکی دەکات

زیاتر لە(20)باسی نوێژ کراوە لە قورئاندا

نوێژ روکنێکی زۆر گرینگە لە ئاینی ئیسلام چونکە مرۆڤی نوێژنەکەر بە موسلمانی تەواو حساب نا کرێت وە چەندین زانا یان فتوایان داوە کە ئەو کەسە کافرە بەلام هەندێك یان دەلێن ئەگەر باوەری پێ هەبوو بەلام لە بەر تەمەلی نەی کرد ئەوە جیاوازی بۆ هەیە لە گەل ئەوەی کە هەرنە یکات ئەنقەست جا نوێژ سیفە تێکی گەورەی هەموو پێغەمبەرانە جا نوێژکردن بە رێك و پێکی ئەوەیە کە هەموو نوێژەکانمان بەجوانی بکەین لەکاتی خۆیدانەك نوێژ بکەین کە چەند دەقیقە یەك مابێت نوێژ بڕوات وە یان ڕۆژێ 4 نوێژ بکەین نوێژی بەیانیش نەکەین کە بلێین ناتوانم هەلسم یان جاری وا هەیە دەرۆین بە سەفەرێك نابێت نوێژمان بڕووێنین چونکە خوای گەورە بۆی ئاسان کردووین کەقەسرو جەمح بکەین قەسرۆ جەمح ئەوەیە کە دەتوانی چ نوێژی نیوەرۆ بیخەینە لای نوێژی عەسر وە چ نوێژی عەسر بخەینە لای نوێژی نیوەرۆ بەلام بۆ هەر نوێژێك دوو رکاعەت دەکەیت وە نوێژی مغرب وعشاء ئەوویش بەو شێوەیە بەلام مغرب کورت نا کرێتەوە وە بە یانیش بەجیا دەکرێ. ئەگەر لەشوێنێك بووی ئاو نەبو بۆ نوێژ دەکرێ تەیموم بکەیت یان خود ناتوای لە پێوە بکەیت ئەوە بە دانیشتن یان خووت دەبینی ناتوانی بە دانیشتن بکەیت ئەوە بە ڕاکشاوی بکە ئەگەر بەویش نەت توای ئەوە بە زووبان بیکە ئەگەر بەوویشت نەتوانی ئەوە بە چاوو بیکە واتە نا بێت بەهیچ شێوەیەك نوێژت بڕوات .کاتی خۆی ئیمامی عمر ڕەزای خوای لێبێت کاتێك برین دار کرا لە هۆش خۆی ڕۆی کە لە ناو نوێژی بە یانی بوو جا هەوەلانی نەیان توانی چۆن بە هۆش خۆی بێن ئەوە گوتیان یا ئیمام نوێژت ڕۆی ئەو جا هەستاوە دەست نوێژی شوشت کە خوێن لە لاشەی دەهاتە دەرەوە کە بەو شێوەیە بوو ئەو جا نوێژی خۆی بە فیرۆ نەدا .داوا لە خوا دەکەین وەك ئیمامی عمر لە سەر نوێژەکانمان دا زالبیت بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەدەست مان نەڕوات. جا نوێژ کردن بەرێك و پێك ئەوەش دەگرتەوە کە لە کاتی نوێژدا بە پەلە نە کەین کە بزانین چی دەلێن دەبێ بزانین ئێمە ڕووبەڕوو لە گەل خوای گەورە قسە دەکەین نەوەك هەر بە سەریعی نوێژ بکەین زوو لە کوڵ خۆمان بکەینەوە.

---

## 34-(باوەر بە بە ڕۆژوو بوون)

زیاتر لە (10)جارباسی لێوە کراوە لە قورئاندا

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ كُتِبَ عَلَيْكُمُ الصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى الَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ }البقره183

واتە/ئەی ئەو کەسانەی کە باوەر تان هێناوە لەسەر ئێوە واجب کرا بەرۆژی بوون هەروەك لە سەر قەومەکانی پێش ئێوە ش فەرزکرابوو بۆ ئەوەی تەقوای خوا بکەن.

بەرۆژوو بوون لە لایەنی دینی و علمیدا زۆر حیکمەتی تێدایا کە لە لایەنی دینیەوە کە دەیسەلمێنی کە بەجێ گەیاندنی یەکێك لەئەرکەکانی دینە چونکە هەموو کارێك دەتوانرێ فێلی تێدا بکرێ بەلام ڕۆژوو هیچی لەگەل ناکرێ‌دەبی بەتەواوی بگیرێ کە لە ڕوی ڕۆحە وە مرتاح دەبیت کە وا هەست دەکەیت ئەو کاتەی بە ڕۆژووی لەگەل خوا دای کە دەستی خۆت بۆ هیچ تاوا نێك نابەیت چونکە دەزانی دەست بۆ هەر شتێك بەریت ئەوە ماندوبوو نەکەت بە فیرۆ دەر وات جا ڕۆژوو وات لێدەکات کە هەردەم فەقیرەکانت لە بەر چاو بێت وە دەبێت باوەری تەواو مان بەو ڕۆژیە بێت جا هەر لە بەر زۆری حیکمەتە کانی ڕۆژ ی خۆشەویست مان فرمان مان پێدەکات کە ڕۆژە سونە تەکانیش بگرین وە حزرەتی داوود ئەوەندە ئیستفادەی لە ڕۆژوو کر دبوو کە ڕۆژەك نە ڕۆژێك بە ڕۆژی دەبوو .وە لە ڕووی زانستەوەکە ئەوە ئیسراحەتێکە دەدەیتە ئەو مەعیدەی خۆت کە 24 سەعات ئەوە کار دەکات ئەوەش ساڵەنە مانگەك پێوویستی هەیە بەو حەسانەوە هەیە وە چەندین کەس کە دەرواتە لای دکتۆر کە پێی

دەڵێت یارمەتی مەعیدەکەت بدە زۆر ئازاری پێگەیوە جا دەبێت باوەری تەواو مان بەو رۆژە پیرۆزە هەبێت کە دێت دەبێت بە روو خۆشی بەرێی بکەین و بەچوانی بیگرین نەك وەك هەندێك کەس دەلێن ئەوە رمەزانیش هات نازانم جیبکەم بەراستی ئەوانە با لە ئیمانی خۆ یان بترسن. انشاءالله هەردەم خۆشەویستی ئەو مانگە لە لامان زیاد دەبێت.

---------------------------------------------

## 35-(پاك و خاوێنی )

خۆشەوویستمان دەفەرمووی پاکو خاووی نی لە ئیمان دایە.

ئەو دەست نوێژەی کە بۆ موسلمانان داندراوە ئەوە هەمووی هۆی خاووێنییە کە مرۆڤی موسلمان دەبێت زۆر گرینگی دان بە خا ووێنی بدات هەردەم بۆنی خۆش بێت جا چ بەو بۆنانە بێت کە خۆشەوویست لە خۆی داوە کا تیخۆی یا خود هەردەم بۆنی دەمیشی خۆش بێت کە سیواك بە کار بێنێت جا ئاینی ئیسلام بۆ هەر شتێك خا ووێنیەکی داناوە هەر یە کەو بە جۆرێك کاتێك مرۆڤ لە گەڵ خێزانەکەی دەچێتە سەر جێگا پێوویستە لەدوای دا خۆی بشوات یان خووت کەسێك تاوا نێك دەکات لەدوای دا تۆبە دەکات دەبێت بروات غوسل لە خۆی دەر کات یان خود رۆژی هەینی دا دێت سونەیە هەموو کەس خۆی بشوات یان خود چەژنێك دا دێت جا ئەوانە هەمووی نیشانەی ئەوەیە کە ئاینی ئیسلام زۆرکەیفی بە پاك و خاووێنی دێت وە سیفەتی پاك سیفە تێکە لە سیفەتەکانی خوای گەوورە کەدەفەرمووی

هُوَ اللَّهُ الَّذِي لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ . الحشر2

---------------------------------------------

## 36-(باوەربەوئەمرانەی کەخوای گەورە ئەمرمان پیَ دەکات)

لە قورئانی پیرۆز دا ئەگەر سەیری بکەین هەمووی هەر ئەمرە خوا پێمان رادە گەینێت جا هەر یەکەو بە شێوەیەك بۆ مان باس دەکات هەندێك یان راستەو خۆنە هەندێك یان سەر هاتی پێشە مەیە بۆ ئەوەی وەك ئەوان نەکەین جا ئێمە دەبێت باوەر مان بە هەموو ئەو ئەمرانەبێت کەخوا دەلێت چونکە خوای گەورە بە خۆی مرۆڤی دروست کر دوە بەخۆی دەزانێت چ کارێت بۆی باشە چ کارێك بۆی خراپە کە تەشبیە نەبێك کە چۆن ئەوەی کۆمپیوتەری دروست کر دووە کە ویندۆزی بۆ داناوە کە نا بێت یەك بڵێت ئەو ویندۆزە نابێت بۆ کۆمپوتەر جا تەشبی نەبێت مرۆڤیش لەگەڵ خوای خۆ ئەو هایە جا ئێستا کە بە خۆمان دەبینین هەندێك لەوانەی کە سەگاتی بۆ کوفر دەکەن کە وەك سەك بە قورئان دەرەوون کە دەلێن لە قورئان دا زۆر ئەمر هەیە جیایە لە گەڵ مێشکی مرۆڤ دا ؟ کە رەخنەیەك لەو خوایە دەگرن کە ئەووی لە پیس ترین ئاو دروست کردووە جا ئێستاش نەعوزو باللە رەخنە لە خوا دەگرێت بەلام بە داخەوە ئەو قسانەی ئەو سەگانە دەکەن لە کۆفارو تەلە فزیو نە کانی ئێمە دا بە شێوەیەکی دیموکراتی باس دەکەن . جا هەر جارەو بە شێوەیەك دێنە پێشەوەبەس بۆ ئەوەی ئەو میللەتە قوربەسەرە سەری لێَ تێك بچێت بەرەو گومرایی سەرگەردان بروات جا جار دێن مافی ئەوە لێدەدەن مافی ئافرەت خوراوە یان

دەلێن ئیسلام مافی میللەتی ئێمەی خوار دووە بەلام لە بیر یان ناهێت تا ئیسلام نەهات کورد لەژێر دەستی فارسەکان دەیان نا لاند کەخاوەنی خێزانە کا نیش یان نە بوون لە بەر فارسەکان جا ئەوەی باوەری بە ئەمری خوانەبێت ئەوە بە ئیسلام حساب نا کرێت چونکە شەیتان یەك بوو لە و بەندانەی کە لە لای خوا ی گەورە زۆر رێی پێدرابوو بەلام لە سەر یەك رەخنە خوای گەورە لە رەحمەتی خۆی دوور خستەوە جا ئەوەی بەدوای ئەو کە سانە بکەووێت کە رەخنە لەو بەرنامە پیرۆزە دەدەن بەراستی ئەوە سەر لێَ شێواوە.

---------------------------------------------

## 37-(باوەر بەحەج وعمرە)

{الْحَجُّ أَشْهُرٌ مَّعْلُومَاتٌ فَمَن فَرَضَ فِيهِنَّ الْحَجَّ فَلاَ رَفَثَ وَلاَ فُسُوقَ وَلاَ جِدَالَ فِي الْحَجِّ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ يَعْلَمْهُ اللّهُ وَتَزَوَّدُواْ فَإِنَّ خَيْرَ الزَّادِ التَّقْوَى وَاتَّقُونِ يَا أُوْلِي الأَلْبَابِ }البقره197

حەج روکنێکە لە رووکنی پێنچە می ئیسلام کە لە سەر هەموو کسێك فەرزە بچێت بۆ حەج کە وەختێکی دیاری کراووی هەیە لە سالێك دا کە ئەو حەجە کە باسی دەکەین لە حزرەتی ابرهیمە وە ماوەتەوە تا ئێستا کە هەموو رووکنە کانی زۆر بەی پەیوویستن بە حزرەتی ابراهیم بەو بەر دەی کە تەوافی لەدەوری دەکەین ئەوە ئەو دیوار حزرەتی ابراهیم دروستی کردووە وە ئەو دیوارە بچوکەی تەنیشت ئەوە پێی دەلێن حجر اسماعیل کە کورە حزرەتی ابراهیم دروستی کردووە ئەو سەفاو مەروایە تایبەتە بە خێزانی ابراهیم حزرەتی هاجەر کە کاتی خۆی حزرەتی ابراهیم هاجەرو اسماعیلی بە جیَ هێشت ئینجا حزرەتی هاجەر لە سەر بەردی سەفا دەرۆی بۆ مروا بۆ ئەوەی ئاوە دانێك ببینیَ وە زووش دەگەراوە بۆ ئەوەی هیچ حەیوانێت نزیکی

اسماعیل نه كەوویّت . وه ئەو ئاوه زم زمەی كه دەبیینین له ژێر پێكانی حزرەتی اسماعیل دەر بووه كه له تێنان پێكانی له ئەرز داوه ئەو ئاوه دەر بووه . ئەو چیای ئەرەفەش ئەوەیه كه باوكه ئادەم و دایكه حەوا كاتێك فرێدرانه سەر زەووی لەو چیایه یەكتر یان دۆزیەوه .وه جێگار رجمی شەیتانیش شەیتان لەو جێگایه خۆی دەر خستووه .وه ئەو بەر دەی كه شی بینین ئەوه له به هەشت هاتووه كه به خۆی سپی بووه بەلام له گەل تاوانی خەللك رەش بووه جا ئەو بەر ده له نا وەندی جیهانه وه بەر دێكی وەك ئەوویش متا بقی ئەوه كه له ئاسمانی یەكەمه پێی دەلێن بیتل محمور كه فریشتەكان تەوافی بۆ دەكەن كه رۆژانه (70) حەفتا هەزار فریشته تەواف دەكات ئەوەی یەك جار بكات ئیتر جیتر نا كات جا ئەوه تەی جیهان و ئاسمانه كان دروست كراوه رۆژانه 70 هەزار بژمێره كه دەكاته چ ژمارەیه ك سبحان الله جا به نسبه ت عمرەش ئەو دەتوا نیت هەموو كا تێكی سال بكەیت وەك حەج نیه بەلام خێرترینی عمره عمرەی مانگی رەمەزانه چونكه خۆشەوویست دەفەر مووێ ئەوەیلە مانگی رەمەزان عمرەیەك بكات وەك ئەو كەسەیه كه حەجێك له گەل من بكات وه شروتی عمره وەك هی حج نیه ئەو ئاسان تره تەنها تەوافی كەعبه دەكەیت 7 جار وه له پشت مقامی ابراهیم 2 ركات سونەت دەكەیت وه سەفاو مەرواش دەكەیت له دوای دا هەندێك مووی سەرت دەتاشی هەرئەوەنده. جا ئەو بەرده گەورەی كه تەوافی لێدەكەین چوار لایه هەر لایەك ناوەكی لێیه لایەكیان عجراسوەده ئەوەی دەست لەو بەر ده بدات خۆشەوویست دەفەر مووێ ئەوه رۆژی دوای مۆسلمانه كەی ئاشكرادەكرێت واته هەموو كەس دەزانن ئەوه موسلمانه وەله لایەكی تر پێی دەلێن روكنی یەمانی ئەوه دەكەوویّته پشت عجر اسوەد جائەوەی دەست لەو بدات ئەوه خوای گەوره له هەموو تاوا نه كانی خۆش دەبێت وه دوو لایەكانی تریش پێیان دەووترێت روكنی شامی و عیراقی ئەوه دەست لێدانی خێره .جا ئەوه به شێكی كەم بوو له حەجه پیرۆزه وه دەبێت له ژیانمان دا هەردەم له بیر مان بێت كه رۆژێك له رۆژان برۆن بۆ ئەو جێگایه پیرۆزه .

------------------------------------------

## 38-(باوەر بەسونەتی احتكاف)

سونەتی ئیعتكاف ئەو سونەتەیه كا تێك خۆشەوویست دەی وویست برۆته مزگەووت دەی كرد ئەوەش خێرێكی گەورەیه چونكه ئەگەر ئەو سونەتەت كرد ئەوه تا له مزگەووت دێیه دەرەوه هەر شتێك بكەیت ئەوه بۆ به خێر حسابه وه نیەتەكەش بەو شێوەیه دەخوێنی

(انی نویت و سنه اعتكاف)

جا كه ئەوەت خوێنت هەرجی بكەیت له ناو مزگەووت ئەوه به خێر بۆت حسابه .

---------------------------------------------

## 39-(باوەر بەقسەكانی زانایان)

فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ }النحل43

واته/پرسیار بكەن له كەسانی زانا ئەگەر شتێك نا زانن

ئێمەدەبێت لەژیانی خۆمان دا بۆ هەركێشەیەك دەبێت باوەر به قسەكانی خواو پێغەمبەر بكەین ئەگەر لەوان دەست مان نەكەووت ئەوه دەبێت باوەر به قسەی زانا یان بكەین چونكه ئەو جیهانه دا رۆژانه شتی سەیر سەیر دەبینین لەوانەیه له قورئان و فەرمووده دەست مان نەكەوویت ئەوه دەبێت قسەی زانا یان وەر بگرین جا خوای گەوره به خۆ دەفەرمووێ له زانا یان پرسیا بكەن وه خۆشەوویس تیش دەفەرمووێ زانا یان له جێگای منن بەلام چ زانا یەك؟ ئایا ئەو زانا یانەی كه بەدوای حزبایەتی كەوو توون یان ئەو زا نا یانەی بەگوویرەی دلی خۆیان فدوا دەدەن نه خێر ئەو زا نا یانه كه سا حێب تەقوان چونكه ئەو سەردەمه كەس نیه بزا نێت كه كام زانا راسته كام خراپه جا نا بێت ئێمه خۆمان پیَ گەورەبێت داوای پرسیار له زا نا یان نەكەین چونكه هیچ كەسێك نیه به بیَ فتوای زانا یان بتوانێت هیچ بكات جا لێرەدا له سەر مان ئەركه كه رێز له قسەی زا نا یان بگرین چونكه هەر چۆنێك بێت ئەوان هەر له مه باشتر دەزانن .

----------------------------------------

## 40-(ئەوخێرەی كەدەی كەی لەپێناووی خوای گەورەبێت)

زۆر فەرمووده هەیه له سەر خێر كردن جا لێرەدا هەندێك ده هینین بەلام بەس به كوردیەكه مانای دەنوو سین خۆشەوویست دەفەر مووێ لەرۆژی دوای دا حەوت كەس له ژێر سێبەری خوا دانه یەك لەو كەسانه ئەوەیه كه لەپێناوی خوا خێر دەكات وه نا یەلێت كەس بیزانێت نەوەك خێرێك بكەین هەموو كەس ئاگادار بكەینەوه وه هەر وەها له جێگا یەكی تر دەفەر مووێ سێ كەس له پێش هەموو كەس دەچنه به هەشت وه له پێش هەموو كەس دەچنه دۆزخ یەك لەوانه ئەو كەسەیه كه خێر دەكات

ئەگەر بۆ دوونیایی بێت بۆ خۆ هەل کێشان ئەوە دۆزخ یە ئەگەر بۆ خوا بێت ئەوە بەهەشتیە جا با بێن کە بزانین خێر کردن لە پێناووی خوا دا چیە وە چ خێرێك لە هەموو خێرێك باشترە یەکەم جا دەبێت ئەو خێرەی کە دەی کەین تەنها مەبەستمان ڕەزامەندی خوا بێت کە لە خۆمان رازی بکەین نە ك بۆ خۆ هەل کێشان و یان بۆ ئەوەی ئەو کەسە یشکێنینەوە بەوەی کە خێری لەگەل دەکەین

وە هەر وەها نابێت زۆر زیادە ڕەوویش بکەین لە مال بەخشین دا وە هەر وەها باشترین خێریش ئەوەیە کە خێرت بە چ کەسێك کرد هیچ کەسێك نە زانێت تەنها بەینی تۆو خوا بێت نەوەك بیکەینە دەنگ و باس بلێین واللە ئەو رۆ خێرم کرد بە فلانە کەس و پێوویستە ئەوەی دە کەیتە خێر بە کەلك بێت بۆ ئەوەی سومان لەو شتە ببێتەوە کە دەیکەینە خێر نەوەك شتێك بمانەوێت فرەی بدەین ئەو جا بکەینە خێر

----------------------------------------

41 -(باوەر بەکوشتنەوەی قوربانی)

قوربانی شتێکی پیرۆزە لە ئاینی ئیسلام دا کە لە پێش ئیسلام دا یەکەم جار لە سەر دەمی حزرەتی ابراهیم رووی داوە کە حزرەتی اسماعیل تازە گەشەی کردبوو باوکی کە حزرەتی ابراهیمە خە ووێکی دیت کەلە خەوەکە پێی ووت دەبێت ئەو کورە بکەیتە قوربانی ئینجا کە بەکورەکەی ووت ئەوویش بە باوکی ووت ئەوەی ئەمرت پێکراوە بیکە انشاءاللە سەبر دەگرم ئینجا کەوویستی بیکاتە قوربانی خوای گەورە بەرانێکی لە جیاتی ئەو لە ئاسمان بۆی ناردە خوارەوە کەلە قورئان باس دەکات

{فَلَمَّا بَلَغَ مَعَهُ السَّعْيَ قَالَ يَا بُنَيَّ إِنِّي أَرَى فِي الْمَنَامِ أَنِّي أَذْبَحُكَ فَانظُرْ مَاذَا تَرَى قَالَ يَا أَبَتِ افْعَلْ مَا تُؤْمَرُ سَتَجِدُنِي إِن شَاء اللَّهُ مِنَ الصَّابِرِينَ }الصافات102

{قَدْ صَدَّقْتَ الرُّؤْيَا إِنَّا كَذَلِكَ نَجْزِي الْمُحْسِنِينَ }الصافات105

ئینجا ئەو قوربانیە لەو سەر دەمی دەستی پێکردووە تا رۆژی دوایی هەر دەمێنێت کە سالانە بە ملیۆنا قوربانی دەکرێت لە هەموو جیهان دا ئەو جا رێژەی ئاژەل هەر لە ناو نەجوە کە ئەوەش یە کێکە لە شتە نادیارەکان کان جا دەبێت باوەری تەواو مان هەبێت کە ئەوەی قوربانی بکات لەرۆژی دوای پێی دەرباز دەبێت . وەهەروەها خۆشەوویست مان دەفەرمووێچ من قوربانیم کردووە بۆ هەموو ئۆموتەکەم ئەوەی لەدەست نا یێت بکات کەواتە ئەگەر بەس نیاز مان هەبێت بکەین بەلام لەبەر هەژاری نەمان توانی ئەوە انشاللە قوربانیەکەی خۆشەوویست لەبەر مان دەکەوێت.

----------------------------------------

42-(باوەر بەزەکات و بەچاکە)

زیاتر لە (35)جار باسی لێوە کراوە لە قورئان دا

{إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ وَأَقَامُواْ الصَّلاَةَ وَآتَوُاْ الزَّكَاةَ لَهُمْ أَجْرُهُمْ عِندَ رَبِّهِمْ وَلاَ خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلاَ هُمْ يَحْزَنُونَ }البقره 277

زەکات روکنێکی ئەساسی ئیسلامە کە سوددودێکی یەکجار گەورەی هەیە بۆ کۆمەل کە وادەکات هەر دەم ئەو کۆمەلە لە رووی هەژاری و لە رووی بوخس بونەوە لە زەنگینەکان نە مێنێت جا خوای گەورە کەئەو زەکاتەی دا ناوە کە لە هەندێك شت دەکەووێت بەلام لە هەندێك شت نا کەووێت ئەوەی کە لێی دەکەووێت دەکرێت بە 40 بەش 39 بەشی بۆ خۆت هەل دەگری یەك بەشی دەکەیتە زەکات جا ئەو زەکاتەی دەی دەی دەبێت چاوو ت لە دوا نە بێت نەوەك وادابنێت ئەوە خوا لێت دەسێنێت وە دەبێت چاکەشی لە گەل دا بێت واتە بە قسەی خۆش بدەیتە خەللك نەوەك وا بیدەیە کەسێك کە لە دلی گرانبێت وە دەیان کاریشی پێبکەیت وە ئەو کەسە لە شەر مە زاری ئەو زەکاتەی کە پێی دراوە بۆی بکات ئەوە نا بێتە زەکات زەکات ئەوەیە دەبێت ئەوکەسەی زەکات دەدات زۆر

ممنو نیش بێت بەس ئەو کەسە لێی وەر بگرێت نەوەك لە جێگادا خۆی پێهەل بدات بلێت ئەو سالە زەکاتم دا بەو کەسە دەبێت لە نێوان ئەو کەسەو خوا دا بێت

----------------------------------------

43-(باوەر بەشەهادەی حەق) لاالە الاللە محمد رسول اللە

یەکەم شت کەمرۆڤ دەبێتە موسلمان دەبێت شەهادە بێنێت کە یە کەم رووکنی ئیسلا مە جا با بێین بزانین شەهادە چیەو چۆن تێدەگەین .

ووشەی لااله الا الله زۆر مانای لە خۆوە گرتوە پشت بە خوا هەندێك یان باس دەکەین لااله الا الله واتە/ هیچ کەسێك شیاوی پەرستن نیە تەنها خوای گەورە نەبێت . وە لە جێگایەکی تردا خۆشەوویست دەفەرمووێ ئەوەی یەك جار ووتبێ لااله الا الله ئەوا لە ئاگری دۆزەخ دێتە دەرەوە جا با ئەو ە چ جۆرە پەرستنێکە . لااله الا الله ئەوە کە نا بێت هیچ کە سێك بە هاو تای خوا دا بنێن وە نا بێت لە هیچ بوا رەکی دا شرکی بۆ دا بنێن کە نەك وەك ئەهلی کتابە کان کە عورێرو عیسا یان بە کوری خوا یان دا ناوە وە نا بێت سیفە تە کانی خوای گەورەش بدەیتە پال هیچ کەسێك بۆنمونە نا بێت داوای رزق لە غەیری خوالە کەس بکەیت وە نا بێت لە غەیری خوا لە کەس بترسی وە نا بێت لە خەیری خوا بۆ هیچ کەسێك تەنا زول بکەی کە تەعنە لە دینە کەت دەدات جا بگرە لە هەموو سیفەتە کانی خوای گەورە نا بێت بدەیتە پال هیچ کەس جا بەو شێوەیە دەتوا نین شەهادەی حەق بێنین چونکە دەبێت کر دەوەی لە گەڵ دا بێت نەوەك تەنها بە زمان بڵێن باوەر مان بەخوا هەیە بەلام هیچ سیفە تێکی خوا نە دەینە پال خوادا کە هەموو سیفە تە کانی خوا بدەینە پاك عەبدی خوا دا جا ئەگەر راستیت دەوویت لااله الا الله چەند لە سەری بنوسن ئەوە حەقی خۆی بەجوانی نادرێتێ .

ئەو جارە دێینە سەر بەشی دووەمی شەهادە محمد رسول الله

واتە/ شاهێدی دەدەم کە محمد نێردراوی خوایە

جا با بزانین چ شا هێدییێك ئەو شاهێدیە کە نا بێت قسەی کەس لە قسەی ئەو زاتە پیرۆزە بە گەورە تر بزانی وە نا بێت رازی ببی کە هیچ کە سێك قسە بەو زاتە پیرۆزە بدات وە دەبێت ئەو زاتە پیرۆزە لە خۆت و مالو منالت و باو ك و دایكت خۆشتر بووێت وە دەبێت گوێرایەلی ببی هەروەك خوا دە فەرمووێ {قُلْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَالرَّسُولَ فإِن تَوَلَّوْاْ فَإِنَّ اللّهَ لاَ يُحِبُّ الْكَافِرِينَ }آل عمران32

جا دەبێت هەردەم ئەو ئایە تانە مان لە بەر چاو بگرین کە خوا ئەمر مان پێدەکات کە گوێ رایەلی خوا و پێغەمبەر ببین .

-----------------------------------------

## 44-(هەربریارێك دەدەی لەرێگای ئاینەوەبێ )

پێش هەموو شتێك کە ئاینەکەمان تەنها بۆ ئەوە نە هاتوە کە لە دوارۆژ رزگار مان بکات بەلکو بۆ ئەوە هاتوە کە لە دونیاو قیامەت رزگارمان بکات جا بۆیە خۆشەوویستمان کە ئەوەندە بە جوانی ئاینە کەی بۆ ئێمە باس کردووە کە هەتا باسی جونە سەر چێگاو چونە سەر ئاوویشی بۆ ئێمکە رون کردۆتەوە کە بۆ ئەوەی ئێمە لە ژیان مان دا پێوویستمان بە هیچ کەسێك نەبێ کە بەرنامەمان بۆ دابنێ یان خود شت مان بۆ زیا بکات جابۆیە ئێمە کە لەژیان مان دا هەر بر یارێك مان دا دەبێ لەرێگای ئاینەوە بێ وە هەر کێشە یەك مان تێ کەووت دەبێ لەرێگای ئاینەوە چارەسەری بکەین جونکە هەرشتێك ئەگەر قازانجی خەلك بێ ئەوە ئاینە کەمان دیاری کردووە جا بۆ یە نابێ ئێمە کار بە هیچ دەستو رێك بکەین کە مرۆڤ دای نابێ چونکە دەستوری تەواو ئەو دەستورەیە کە کەسێك بۆ ئێمەی داناوە کە بەخۆی ئێمەی دروست کردووە کە بە حۆی دەزانێ چ شتێك باشە بۆ بەندەکانی کە دای ناوە وە چ شتێك خراپە بۆ بەندەکانی کە دای نە ناوە جا بۆ یە نابێ گوێ بە دەستورێك بگرین کە بەندەیەکی خوا دای نابێ کە نە عوزو بلە کالتە بە بەرنامەی خوای گەورە بکات جا ئەوەی ئەر بریارێکی دا لە رێگای ئاینەوە بێت ئەوە لە ژیانیدا نە توشی گرفتێك دەبێت کە دل دوونیاو قیامەت لە ژێری دەر نە چێت وە نە توشی سەر شۆری‌و سەر لێ شێواوی ببێت چونکە ئەوە کەسێك داناوە کە هیچ هەلە یەکی لێناکەوویت وە کە سێکیش نوێنەرە کە هیچ قسە یەك لە خۆوە نا کات نەك وە ك سەر کر دەکانی ئێستای ئێمە ئەو رۆ قسە یە ك دەکەن بە یانی قسە یە کی تر ئەوە زا تێکە زیاتر لە 1400 سال پێش ئێستا قسەی کر دووە کە سەدان زەمان گۆراوە ئێستا یەك هەلە لە قسە کانی دەر نە کەو توە هەر لە بەر ئەوەشە خوا دەفەر مووێ لە باسی ئەو زاتە پیرۆزەدا

{وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ }الانبیاء107

واتە/ ئەتومان بۆ هیچ رەوانە نە کردووە تەنها رحمەتی بۆ هەموو جیها

-----------------------------------------

## 45-(باوەر بە رەئیەکانی دین )

وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ

ئاینی ئیسلام ئاینێك نیە كە ڕێگا لە كەس بگرێت كە رای خۆ دەر دەبرن چونكە ئەو را دەر برینە نەك پیشەی ئیسلامە بەلكو پیشە یێكی هەموو پێغەمبەرانی پێشووە كە هەموو پێغەمبەرێك لە گەل خوا دا رای دەر بریوە بە ئازادی بۆ نمونە / موسی داوای كرد خوا خۆی پێپیشان بدات عیسی دا وای كرد خواردن لە ئاسمانەوە بۆی بێتە خوارەوە ابراهیم داوای كرد تەیر لە پێشچاووی زیندو بكرێتەوە چا بگرە هەموو پێغەمبەران هەریەكەو بە شێوە یەك چا بگرە ئەو را دەر برینە لە سەر دەمی هەوە لانیش هەموو هەوا لە كان هەر یەكەو بە گوێرەی خۆی رای خۆی دەر دەبری بەرامبەر خۆشەوویست چا وەیی لێهات لە دوای خۆشەوویست هەوەلان رای حۆیان بە سەر بەستی دەر دەبری بەرامبەر امامی ابوبكرو امامی عمرو ئەوانی ترجا ئێستا بووە تە پیشەی هەموو ئیسلام كە سەر بەرزە لە را دەر برین چونكە تا مرۆڤ را دەر نە برێت ئەوە لە ئاینەكەی تێناگات كە لە سەر مان ئەركە را دەر برین و وە باوەر بە رایە كانی بەرامبە ریشمان هەبێت نەوەك بلێن ئەوە قسەی خواو پێغًەمبەر نیە ئەوە رای مەلا یانە باوەری پێنەكەین ئەوە راست نیە دەبێت چۆن را دەر دەبرین ئاواش رای وەر بگرین چا ئەوە هەموو نیشانەی ئەوەیە كە ئیسلام غەدر لە كەس ناكات رای هەموو كەس وەر دەگرێت نەك وەك ئەوانەی ئێستا لافی ئەوە لێدەدەن كە گوایە ئیسلامرای كەس وەر نا گرێت بەلیَ ئەو رایە وەر نا گرێت كە رەخنە لە خوای گەورە بگرێت یان رەخنە لە قورئان بگرێت چونكە ئەوەی دایناوە زۆر زیرەك ترە لەوەی كە ئەو رایە بۆ گەنە دەر دەبرێت چا ئاینەكەمان ئاینێك نیە كە وەستاو بێت بەرەو پێش نەر وات ئەوە هەر شتێكی نوویَ هاتە ئاراوە لە جیهان دا ئەوە ئەگەر زانا یانی تەقوا رایای لە سەر هەبوو كە حەلا لە یان حەرامە ئەوە دەبێت ئێمەش باوەر مان بەو رایانە هەبێت .

---

## 46-سەربەست بە لە ئیمانەكەت

زیاتر لە (85) جار باسی ئیمان كراوە لە قورئاندا

ئیمان شتێكی نادیارە ئەوە دەبێت بە سەر بەستی وەری بگری نەوەك لە بەر كەسێك ئیمان بێنی نەوەك لە تر سانە ئەو ئیمانە فریَ بدەی ئەوە دەبێت لەهەموو سیفە تە كانی ئیمان بە سەر بەستی وەری بگری مرۆڤ تەنها بە رێگای ئیمانەوە دەر باز دەبێت رۆژی لە دوای دا تۆ لە دوونیا با زۆر باشیش بیت بەلام كە ئیمانت تەواو نەبەیَ ئەوە بە كەلك هیچ نا یەت وە ئەو ئیمانەی كە فێریش بووی دەبێت بە سەر بەستی دەری ببری نەوەك كەس نە زانێت كە تۆ ئیمان داریت . چا ئەو ئیمانەی كە وەریش دەگرین دەبێت بە قنا عەتەوە وەری بگرین ئەوە نا بێت شتەك لە ئاین دا لە گەل مێشكمان نە گونچا خۆمان كر كەین هەر چەندە هەلە لەو ئاینە دا نیە بەلام ئەگەر خۆمان كر كەین بە سەر بەستی بەدوای دا نە گەرێین ئەوە رۆژەك لە رۆژان لە وانەیە تووشی هەلە ببین بەو قسەیە چا بۆ یە دەبێت سەر بەست بین لەو ئاینەدا هەردەم بەدوای راستی دا بگە رێن .

---

## 47-لەكاتی كرین و فرۆشتن دا راست گۆبیت

زیاتر لە (60)جار باسی راست گۆی كراوە لە قورئاندا

هیچ كە سێك نیە كاری نە كر دبێت یان كارنەكات وە كار كردن ئەر كی سەرشانی هەموو مانە بۆ بە خێوكردنی ژیانی رۆژانەمان چا دەبێت ئەو كا رەی كە دەیكەین بە شێوەیەكی حەلال بكەین نەوەك بە فرت و فێل یا خود دەیان سووێندی لە سەر بخۆین ئەگەر ئێمە ئیمان مان تەواو بێت باش دەزانین كە هەر كەسەو لە كاتی لە دایك بوونی تا رۆژی مردنی رزقی دیاری كراوە كە تەنها خوای گەورە رزاقە چا كەوا بوو چ پێوویست بەوە دەكات ئێمە ئەو رزقەی كە بۆمان دیاری كراوە كە نە زیا دەبێت نە كەم ئێمە بە حەرامی وەدەستی بێنین كە دەیان سووێندی درۆ لە سەر بخۆین بەس بۆ ئەوەی ئەو كریارەمان لە دەست نەر وات چا خۆ ئەگەر قسمەتی ئێمە نە بێت هەزاران سوێند لەسەر بخۆین هەنابێتە قسمەت وەئەگەر قسمەتی ئێمەش بێت ئەوە سوێندیش نەخۆین هەر دەبێتە قسمەت چا لێرەدا بۆ خۆ پاراستن لە حەرام پێوویستە سوێند لەسەر شتە كە نە خۆین چونكە ئەگەر قسمەتی منی لە ناو بێت هەر دە بێتە قسمەت . چا سەر

ها تێكیش لەو بارەیە وە هەیە كە رۆژێك یان حزرەتی علی لە گەل خزمەت كارەكەی چوو بۆ چێگایەك لەووێدا ئەسپەكەی دا بە یەكێك گوتی چاووت لێبێت تا ئێمە دێینەوە ئەوویش گوتی باشە چا كا تێك حزرەتی علی هاتەوە بە خزمەت كارەكەی ووت برۆ ئەو 2 درهەمە بدە بەو كەسەی ئاگای لە ئەسپەكەی ئێمە بووە كاتێك خزمەت كارەكە رۆی دەبینێت كابرا نماوە وە زینی ئەسپەكەشی دزیوە چا حزرەتی علی هەل سا بەو دوو درهەمە زینی ئەسپەكەی خۆی لە بازار كریەوە چا گوتی ئەوە خوا رزقی حەلالی بۆ دا نابوو بەلام سەبری نەگرت تا رزقی خۆی حەرام كرد .

چا ئێمەش بەو شێوەیە ئەگەر سەبر لە سەر رزق مان نە گرین سووێندی لە سەر بخۆین بەدرۆ ئەوە لێمان دەبێتە حەرام .

---

## 48- زۆر پارانەوەوپەشیمانەوە لەخوای گەورەدا

زیاتر لە (100) جار لە قورئاندا پارانەوەی تێدایە. جا هەریەکەو بە شێوەیەك هەندێك یان هی پێغەمبەرانە هەندێکیان هی پیاو چاکانە هەندێکیان هی فریشتانە چا بگرە هەر یەکەو تام و چێژی خۆی هەیە مرۆڤی موسلمان تەنها بە دوعا لەخوای گەورە نزیك دەبێتەوە وە زۆر بەی زانا یان لەسەر ئەوە کۆکن کە دوعاش یاسای خۆی هەیە کە دەبێت ئەو کەسە دوعا بکات یەقین بێت لەوەی کە خوا ئا گای لێیەو بەهاناى دا دێت ئەگەر ئەوڕۆژ نەبێت سبەی سبەی نەبێت ڕۆژی دوایی وە دایمەن دوعای بە دەست نوێژ باشترە لە ئەوەی بێدەست نوێژ وە ئەوی ڕوو لە قیبلەیە باشترە لەوەی ڕووی تێدا نە بێت وە دوعای مزلوم قەبوول ترە لەوەی لیَ نە قەو ما بێت چا ئەوانە هەموویان شەرتی دوعان وە دوعای ئەو کەسە قبول ترە کە هەردەم ڕۆژانە لە بەر خوا دە پاڕێتەوە لەوەی کە بەس کاتی تەنگانە خوای لە بیر دەبێت وە پارانە وەی داوا ی لێبوردن بکەن لە خوا باشترە لەوەی داوای شتی دونیا دەکات وە ئەو دوعایەی کە پەشیمان بوونەوەی تێدایە زۆر پیرۆز ترە لەوەی کە بەس بلێ خوا بە تۆبە چا شەرت نیە بەس ئەوەی تاوانی هە بێت دوعابکات و داوای بەئیمانی بکات چونکە خۆشەوویست دەفەر مووی من ڕۆژی 100 جار داوای لێخۆش بوون لە خوا دەکەم ئێوەش وابکەن .

---

## 49-هەرزانستێك فێربوبی بدەی بەخەلك

هەموو کەسێك چۆن پیَ ی خۆشە فێری زانستێك ببێت ئەوە واش دەبێت پێی خۆش بێت کە خەلك سود لەو وەر بگرێت چا نە دانی زانست بە خەللك ئەوە سیفەتێکە خۆ پەرستانەیە کە نا یە وێت کەس لەو سود وەر بگرێت بە لام یان خود نەدای ڕێگای ڕاستی بە خەللك کە شتێك دەزانێت سودی هەیە ئەگەر خەللك بیکات ئەوە بە کەس نا لێت تەنها بۆ خۆی ئەوەش سیفە تێکی خراپە کە دەبێتە هۆی تورە بونی خوا

بە رامبەری ئەو کەسە وە سەر ها تێکیش هەیە لەو با ڕەیەوە کە لە کاتی خۆیدا خوای گەورە دوو فریشتەی نارد بۆ ئەوەی قەومێك تێك بدە چا کە فریشتەکان چوون بۆ لای ئەو قەو مە چاویان بە پیرەمێر دێك کەووت زۆر بە دین بوو ئەوو دوو فریشتانە گەڕانەوە بۆ لای خوا ی گەورە کە بە خوایان ووت خوایە تۆ ئەمرت کردووە هەموویان لە ناو بەرین ئەی ئەو پیرە مێر دە کە تۆ دە پەرستی؟ خوای گەورەش وەلامی دانەوە فەرمووی یەکەم جار مالی ئەو پیرەمێردە بەسەر دا بروخێنن چونکە ئەوە تا ئێستا خەللکی ئامۆژگاری نە کر دووە بۆ ڕێگای ڕاست تەنها خۆی وویستووە . جا شاردنەوەی زانست دەبێتە هۆی تورە بوونی خوای گەورە بەلام لێرەدا شتێك هەیە ئەگەر بێت و کەسێك پیشەیەك بزانێت کە ژیانی لە سەر ئەوە بێت ئەوە دەتوا نێت بە کەس نە لێت کە لە ناو خۆ مان پێی دەلێن (سرالمهنه) واتە نهێنی پیشە بە لام ئەگەر شتێکی ترت زانی کەسێك پر سیاری لێکردی پێت نەووت ئەوە گوناحە .

---

## 50- خوێندنەوەی قورئان

خوێندنەوەی قورئان لەسەر هەموو کەسێك فەرزە کە بخوێنیَ یا خود زۆر گوویَ ڕابگری ئەگەر ئێمە زۆر قورئان نە خوێنین ئەوە لە ئاینی خۆمان دا هیچ شارەزانابین چا قورئان خوێندن خێری گەلێك زۆرە کە یەك حرفی بە 10دە خێر هەیە وە ئەگەر نەت زانی بخوێنی ئەوە گویَ ی لیَ را بگرە وەك یەکە جار قور ئانی پیرۆز هەر ئەوەندە نیە کە بەس بخوێنین بەلکو دەبێت کاری شی پێبکەین لە ژیانی ڕۆژانەمان دا وە دەبێت خۆمان لە تەفسیری شارەزاکەین بە هەموو شێوەکانی بۆ ئەوەی بزانین ئەو قورئانە باسی چی دەکات نەوەك کەسێك لەو ی وە بێت بەناووی قورئان قسە لە گەل مان بکات سەر مان لیَ بشێوێنێت بە کەیفی خۆی قسە بکات چا لە قور ئان خوێندن دا هەندێك سورەت لە هەندێك یان گەورە ترە خوێندن یان بۆ نموونە خوێندنی سورت یاسین بەرامبەری 1- ختمی قورئان نە وە خوێندنی هەندێك ئایەت لە هەندێك یان گەورەترە وە ئایەت کورسی وە خوێندنی قورئان لە هەندێك ڕۆژ گەورە ترە لە گەل ڕۆژەکانی تر وەك ڕۆژی هەینە لە گەل ڕۆژەکانی تر دا وە خوێندنی شەو لە گەل هەندێك شەو خێری زیاترە وەك خێری شەوی لیلەت قەدرە وە لە هەندێك جێدا خێری زیاترە لە هەندێك جێگای تردا وەك لە مزگەوتی مەکە یان مزگەوتی مەدینە لە گەل مزگەوتەکانی تردا وە خوێندنی هەندێك کات پێوویستی بە سورەتی تایبەتی خۆی هەیە لە گەل کاتە کانی تردا وەك خوێندنی سورە کهف بە شەووی هەینی لە گەل سورەتەکانی تردا چا ئێمە دەبێت زۆر تێکەلی ئەو قورئانە ببین کە هەر سورە تەو هەر ئایە تەو الە جێگای خۆی بە کار ی بینین نەوەك لە سەر ڕەفەکانی مالە وە دا بنێن بۆ ئەوەی بلێن ئەو مالە قورئانی لە ناو دایە وە دەبێت بەر نامەش مان هەبێت کە ڕۆژانە یان حەفتانە یان مانگانە چەند دەخوێنین نەوەك بەس مانگی ڕەمەزان وەبیر مان بێتەوە کە ئەو قورئانە هەیە .

---

## 51- ووشەی(لاالەالااللە)زۆر لەسەر زوبانت بیَ

پێوویسته له سەر مان ووشەی لاالەالااللە یان هەر ناوەك له ناوه كانی خوا یان هەر زكرێك له سەر زمانمان بێت بۆ ئەوەی خوا هەردەم لەبیر مان بێت نەوەك گۆرانی یان قسه بیَ كەڵلك له سەر زووبانمان بێت ئەوه هەمووی دەبێته هۆی دل رەقی بەلام ئەگەر هەردەم ووشەی زكرمان له سەر زوو بان بێت ئەوه هەردەم وا حساب دەكەین كه خوا له گەل مان دایه . چا كاتی خۆی حزرەتی موسی داوای له خوای گەورەی كرد كه گەورەترین زكری فێر بكات خوای گەوره فەرمووی بلیَ (لاالەالاالله) گوتی خوایه ئەوه هەموو كەس دەی زانێت زكرێكی ترم پیَ بلیَ خواش فەرمووی یاموسی تۆ به شتێك رازی نیت كه ئەوەی من دروستم كر دووه لەو كەو نەو له مولكی خوا له هەموو شت چا ئەگەر هەموو یان بچنه سەر یەك لای میزانی ئەوه چەند قورسه ئەوه زكری (لاالەالاالله) زۆر لەوان قورس تره سبحان الله چا زكرێك ئەوەندە قورس بێت له رووی خێرەوه بۆ چی هەردەم له سەر زوما نمان نا بێت .

---

## 52- خۆپاراستن لەزۆر گوتن دا

{وَالَّذِينَ هُمْ عَنِ اللَّغْوِ مُعْرِضُونَ }المؤمنون3

واته/ئیمان داران ئەوانەن كه قسەی بێمانا له دەم یان دەر نا چێت.

